
کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ٤٦٤ – گەلاوێژی ١٤٠٤–ئاب ی ٢٠٢٥

**ڕاگەیاندنی ژمارە ٢ی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**سەبارەت بە ڕووداوی گیان لەدەستدانی ٣ لاو لە خەبات لە پێناو پاراستن یژینگەدا**

لە ٣




## هەژاری لە کۆمەڵگای ئێراندا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی

لە ٩



## سۆسیالیسم ڕێگەی ڕزگاری لە چەوسانەوە و ستەم

لە ١٣

## سوریا؛ چارەسەری ئەمنی یان سیاسی!؟

ن: موحسین کەریم

لە ١٦

## غەزە ئەو تراژیدیایەی جیهان لە تەنیشتی قاوە دەخواتەوە

ن: فوئاد سدیق

لە ١٧

## سەروتار

### چاوترسێن کردنی خەڵک، ئامانجی ڕژیم لە شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانەکان

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و سزادراوانی دادگا ئاساییەکانی چڕتر کردووەتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا دوێنێ لە ٤٩ زیندان لە سەرتاسەری وڵات هەشتا و یەکەمین هەفتەی کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لە سێدارەدان" بەڕێوەچوو. زیندانیانی خەباتکاری ٤٩ زیندانی ئێران لەو کەمپەینەدا بەشدار بوون و مانیان لە خواردن گرت. لە بەیاننامەی ئەم هەفتەیەی کەمپەینەکەدا وێڕای ئاماژە بە پەرەسەندنی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان، لە بنەماڵەی ئەو زیندانیانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، داوا کراوە کە هەواڵی لەسێدارەدانی منداڵەکانیان بە ڕای گشتی بگەیەنن و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژی ئەو لەسێدارەدانانە بورێوە بەرن. لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە کاتێکدا ئێعدام و سەرکوت لە ئێران پەرەی سەندووە و دوابەدوای گواستنەوەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانی تارانی گەورەوە بۆ زیندانی ئێڤین، شاهیدی ڕفاندن و گواستنەوەی لەناکاوی پێنج زیندانی سیاسیین کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپێنرابوو، بە ناوەکانی وەحید بنی ئامریان، پویا قوبادی، بابەک عەلیپوور، ئەکبەر (شاهروخ) دانشوەرکار و محەممەد تەقەوی، بۆ بەندیخانەی قەزڵحەسار. پرسێکی کە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیشەوە بە توندی ئیدانە کراوە. هەروەها دوو بەندکراوی ئەمنییەتیش بە ناوەکانی بابەک شەهبازی و ئومێد تەباری موقەدەم، دوای لێدان و ئەزیەت و ئازار، گوازرانەوە بۆ ئەو زیندانە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژە ی سەروتار

ئەم هەوڵە سەرکوتگەرانە بەشێکە لە پرۆسەی پەرەسەندنی گوشارەکان بۆ سەر زیندانیانی سیاسی و پەرەسەندنی بێوێنەی ژمارەی ئێعدامەکان لە وڵاتدا. بەپێی زانیارییەکان، زیندانییەکی سیاسی بەلووچ بە ناوی «عامر پەرکی بەلوچزەهی» بەمەبەستی لەسێدارەدان گواستراوەتەوە بۆ بەندی تاکەکەسی لە زیندانی زاهیدان و گیانی لە مەترسیدایە. تەنها لە ڕۆژی ٥ی گەلاوێژدا ٢٠ کەس لەسێدارەدران. ئاماری هەژێنەرتر ئەوەیە کە لە سەرەتای مانگی گەلاوێژەوە تا ئێستا زیاتر لە ١١٠ کەس لە ئێران لەسێدارە دراون. بەڵام لە بەرامبەر ئەم شەپۆلی ئێعدامانەدا خەبات و خۆڕاگریی زیندانیان و جەماوەر بەردەوامە. کاسبکاران و خەڵکی بوێری شاری سمیرۆم دژ بە سەپاندنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ دوو برا بە ناوەکانی فازڵ و مێهران بەهرامیان، بە داخستنی بازاڕ و دوکانەکانیان ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی


ئێمە داوا لە سەرجەم بنەماڵەی زیندانیانی مەحکووم بە ئێعدام دەکەین کە لە بەرامبەر سزای لەسێدارەدانی منداڵەکانی خۆتان و خزم و کەس و کارتان بێدەنگ مەبن و لە ئاستێکی بەریندا بڵاوی بکەنەوە و بە کۆبوونەوە لە شوێنە گشتیەکان دەنگی ناڕەزایەتی خۆتان دژ بەم سزا نامرۆڤانەیە بەرز بکەنەوە. کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لە سێدارەدان» داوا لە سەرجەم خەڵکی ئێران و جیهان دەکات کە پاڵپشتی ئەو بنەماڵانە بن و بە هەر ئامراز و ئیمکاناتێکی کە لەبەردەستیاندایە لە دژی دەزگای ئێعدام لە ئێران ناڕەزایەتی دەرببڕن. تەنیا بە ڕاپەڕین و بەرەنگاری و بوێری و بەرزکردنەوەی دەنگی بەکۆمەڵ دەتوانرێت کۆتایی بەم سووڕی مەرگە بهێنرێت. سزای لە سێدارەدان هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم ڕێژیمەوە، وەک ئامرازێک بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک کەڵکی لێوەرگیراوە. ئەم دەسەڵاتە جینایەتکارە زیندانیانی سیاسی و هەروەها زیندانیانی تاوانە ناسیاسییەکان وەک بارمتە لە زیندانەکانی خۆیدا ڕادەگرێت و هەرکاتێک پێویست بکات ئێعدامی ئەوان بە ئامانجی سیاسی و بۆ دروستکردنی کەشی ترس و خۆف لە کۆمەڵگادا بەکاردەهێنێت. بەلای ڕێژیمەوە گرنگ نییە کە زیندانییەکە تاوانی ئەنجامداوە یان نا، دادگایی کراوە یان نا، چەند ساڵ بە تۆمەتەوە یان بەبێ تۆمەت، بە بەڵگە و دیکۆمێنتەوە یان بەبێ بەڵگە و دیکۆمێنت، یان تەنانەت سزای زیندانی بەسەردا سەپێنراوە و بەشێک لە حوکمەکەشی تێپەڕ کردووە. ڕژیم هەرکاتێک بەپێویستی بزانێت، لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە نامرۆڤەکانی خۆیدا، بە تاک یان بەکۆمەڵ، لە گیانی زیندانییەکان کەڵک وەردەگرێت

کوشتاری سیستماتیکی جیلێک لە گەنجانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی دەیەی شەستیش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە هەمان شێوە بەڕێوەچوو. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا کە چ پۆتانسێل و توانایەکی بەرزی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کوشتار و جینایەت. کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی دەیەی شەستدا بە مەبەستی بەئاکام گەیاندنی سەرکوتی شۆڕش، بە فەرمانی خومەینی هەزاران گەنجی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی لە زیندانەکاندا کۆمەڵکوژ کرد. سەرەتای مانگی گەلاوێژی ١٣٦٧ و هەفتەیەک دوای ٢٧ی پووشپەڕ، کە خومەینی جامە ژەهرەکەی شکستی شەڕی کۆنەپەرستانەی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقی نۆشی، بەمەبەستی زاڵکردنی کەشی ترس و خۆف بەسەر کۆمەڵگادا و هەروەها پێشگیری لە ناڕەزایەتی جەماوەر دژ بە ئاکامەکانی ئەو شەڕە دڕندانە وماڵوێرانکەرە، دیسان پەنای بردەوە بەر ئامرازی کوشتاری زیندانیان و هەزاران زیندانیی سیاسیی لە زیندانەکاندا کۆمەڵکوژ کرد. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سەرەڕای هەوڵی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت و

کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم بۆ لەبیرکردنی، ئەو تاوانانە هەرگیز نە لەبیر دەکەن و نە لێی خۆش دەبن. دوای ئاگربەستی شەڕی ١٢ ڕۆژە، شەپۆلێکی نوێی لەسێدارەدانی زیندانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و خۆف لە نێو خەڵکدا بەڕێوەچووە. لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی ئابووریی ڕێژیم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر بووەتەوە، لە دۆخێکدا کە هەژاری و بێکاری ژیانی ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێرانی تاڵ کردووە، لە کاتێکدا تێچووی بژێوی ژیان بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە و لانیکەمی حەقدەست پێنج هێندە لە ژێر هێڵی هەژاریدایە، لە کاتێکدا پچڕانی بەردەوامی کارەبا و کەمیی ئاو، تەنگی بە ژیانی خەڵک هەڵچنیوە و هەروەها لە کاتێکدا مەترسی شەڕێکی وێرانکەری دیکە بەردەوام بەسەر سەری خەڵکدا دەسوڕێتەوە، وەڵامی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ ئەو دۆخە مەینەتبارەی کە بۆ خەڵکی دروستی کردووە، بریتییە لە پەرەپێدان بە ئێعدامەکان لەناو زیندانەکان و لەپێش چاوی خەڵک، بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر چەشنە ئاخێز و ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی .

بەڵام جەماوەری ستەملێکراوی ئێران هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە ناڕەزایەتی بەردەوام و یەکگرتووانە و ڕێکخراو لە دژی ڕژیم بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی سیاسی. نابێ ڕێگە بدرێ کۆماری ئیسلامی گیانی زیندانیانی سیاسی لەپێناو مانەوە و درێژەدان بە جینایەتەکانی خۆیدا وەک بارمتە بە کار بهێنێت. نابێ ڕێگە بدرێ کە ڕێژیم بە وەڕێخستنی هەراوهوریا و درۆ و دەلەسە و هەڵخڕاندنی هەستی خەڵک لە دژی کەسانی مەحکووم بە ئێعدام بە بیانووی ئەوەی ئەو کەسە بکوژ، دەستدرێژیکار یان ئالوودەبووی ماددە هۆشبەرەکانە، زیندانیان لە سێدارە بدات. دەبێ هەوڵ بدرێت شوێنی بەڕێوەچوونی ئێعدامەکان لە زیندان و لە نێو خەڵکدا بکرێتە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی لەدژی خودی ڕژیم. جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز نابێ ببنە تەماشاگەری ئەستاندنی گیانی مرۆڤەکان لە گۆڕەپانی پڕ لە شەرمەزاری بەڕێوەچوونی ئێعدامەکان. نابێ ڕێگە بدەن ڕێژیم بێدەنگییەکەیان بکاتە ئامرازێک بۆ چاوترسێن کردنی خۆیان و بەرەوپێشبردنی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی. ناڕەزایەتیی یەکگرتووانە و ڕێکخراوی جەماوەری خەڵک دەتوانێ ڕێژیم لە بەکردەوە دەرهێنانی سزای لەسێدارەدانی زیندانیانی بێ دیفاع ناچار بە پاشەکشە بکات و بەر بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بگرێت

****




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ دووشەممە ٦ی گەلاوێژ بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیانلەدەستدانی خەبات ئەمینی، گەنجێکی تێکۆشەری کە لە کاتی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگری چیای ئاویەری شاری سنە بریندار ببوو، ژمارەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە گەیشتە ٣ کەس. ئازیزان حەمید مورادی و چیاکۆ یوسفی نەژاد و خەبات ئەمینی، کەسانێکی تێکۆشەر و خۆشناو بوون کە بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە لەپێناو خزمەت بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا بێوچان تێدەکۆشان و ئامادەی گیانبازی و فیداکاریی بوون لە ڕێبازێکی پڕلە شانازیدا کە لە بەرەی خەباتە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا گرتبوویانە بەر. بێ گومان یاد و ناویان بە هەمیشە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا هەرمان دەبێت

ئەوان لە زومرەی ئەو تێکۆشەرانە بوون کە بەردەوام بەشداری خەم و خۆشییەکانی خەڵک بوون و، بەم هۆیەوە و هەروەها بەهۆی ئامانجی بەرزی سیاسییان، بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستاندا جێگەی ڕێز و خۆشەویست بوون. بەڕێکەوت نییە کە دەبینین خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە کە کەسانێکی وەک ئەم ئازیزانە لە ئامێزی خۆیاندا پەروەردە دەکەن، بەمجۆرە بە وەڕێخستنی ڕێپێوانی جەماوەریی بەرین ڕێزیان لێدەگرن. خەڵکی شاری سنە و سەرجەم کوردستان لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا بنەماڵەی ئەو گیانبەختکردووانەیان بە تەنیا نەهێشتەوە و هاوبەشی خەم و پەژارەیان بوون

بەڵام دەربڕینی ئەم ڕاستییە و شکۆمەندی ئەم هاوپشتییە، ناتوانێ ئەوە لەبیر ئێمە بباتەوە کە خوێنی ئەم جگەرگۆشە لاوانەی خەڵک لە ئەستۆی ڕێژیمێکە کە لە کاتی ڕووداوی لەم شێوەیەدا بچوکترین ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات. ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێ بە دەستی بەتاڵ بچێتە شەڕی ئاگرێکی وێرانکەر کە با بەردەوام بڵێسەکانی دەگەشێنێتەوە و بەماولایدا دەبات؟

لەکاتێکدا لەناوچوونی ئەم سروشتە جوانە و ئەم لەوەڕگە و شوێنی ژیان و حەوانەوەی سەدان جۆری دەگمەنی گیاندار و پەلەوەرە لەبەر چاوی دام و دەزگا پان و بەرینە سەربازی و ئیدارییەکانی ڕێژیمدا ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی کاریگەر بۆ پێشگرتنی بگیرێتەبەر. تەنیا خەڵکی ناوچەکەن کە بە دەستی بەتاڵ و بە خستنە مەترسی گیانی خۆیان، ئەوەندەی توانیویانە ژینگەیان لە بڵێسەی ئاگر ڕزگار کردووە. کوژاندنەوەی ئاگری گەورە و بەربڵاو بەبێ ئامراز و کەرەستەی ئەمڕۆیی، لەوانە فڕۆکە و کۆپتەری ئاوپژێن مومکین نییە. سپای پاسداران و ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی کە هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکی ئێران مانۆڕی پڕهەزینە و پڕ هەراوهوریا بەڕێوە دەبەن و زۆرجار خۆیان هۆکاری ئەو جۆرە ئاگرکەوتنەوانەن، تەنانەت لە پێدانی ئەو کەلوپەلانەی لەبەردەستیاندایە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە خۆ دەبوێرن. ئەوان کە بە بیستنی بچووکترین هەواڵی خۆپیشاندان یان بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی، بە خێرایی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی نارازی دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە، لە کاتێکدا کە ئاگر دارستان و لەوەڕگەکانی ڕۆژئاوای ئێران لەناو دەبات، هیچ کاردانەوەیەکیان نییە

وتەیەکیش ڕوو بەو لاوانەی کە ئاوا بەرپرسیارانە هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەکەن و لەم پێناوەدا تەنانەت لە گیانی خۆشیان دریغ ناکەن:

ئازیزان! لەم قۆناغە مەترسیدار و چارەنووسسازەی کە لەپێشماندایە، بزووتنەوەکەمان پێویستی بە بوونی ئێوە و ژیانی پڕ لە وزە و وەرەی خەباتکارانەتان هەیە. خەبات و تێکۆشانی مەدەنی ئێوە و هەوڵەکانتان بۆ پاراستنی ژینگە، لە هەمانکاتدا کە جێگای ڕێز و پێزانینە، بەڵام بەر لە هەموو شتێک دەبێ ببێت بە ئامرازێکی گوشار بۆسەر ڕێژیمێکی کە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات. ئێمە نامانەوێت لە مەیدانی خەبات لەگەڵ سروشتدا ماتەمباری ئازیزانمان بین. پێویستە ئەو وزە و وەرەیە بپارێزرێن بۆ بنیاتنانی داوڕۆژێکی گەشتر

ئێمە جارێکی تر بەبۆنەی گیانلەدەستدانی ئازیزان: حەمید مورادی، چیاکۆ یوسفی نەژاد و خەبات ئەمینی، لە ناخی دڵەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکانیان و خەڵکی تێکۆشەری سنە و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەم و پەژارەیان دەزانین. ئێمە لە وەرەی لەخۆبردوویی و فیداکاری ئەوان بۆ خەبات و تێکۆشانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکانی داهاتوومان ئەزموون وەردەگرین. یادیان بەرز و بەڕێز بێت

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**۶ی گەلاوێژی ۱۴۰۴**

****

# مانگرتنی گشتی گەلاوێژی ١٣٨٤ و دەرس و ئەزموونەکانی



ڕۆژی پێنج شەممە ١٦ی گەلاوێژ ساڵیادی ڕۆژێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا بوو. ڕۆژێکی کە، بووە هێمایەکی نوێ لە مێژووی بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان. ڕۆژێك کە وەبیرهێنانەوەی دەرسە گرنگەکانی، ئەمڕۆکە زیاتر لە هەمیشە پێویستە. با جارێکی دیکە لە ساڵیادی ئەم ئەزموونە مێژووییەدا چاوێك بخشێنینەوە بەسەر ئەو ڕووداوەدا

١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤ ئەو ڕۆژەی کە بە مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان، چووە ناو مێژووی ئەو وڵاتەوە. سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی هەوڵیاندا یەکێك لە خەباتکارانی شاری مەهاباد بە ناوی "کەماڵی ئەسفرام" ناسراو بە "شوانە سەید قادری" دەستبەسەر بکەن. کاتێك هەوڵەکانیان بێ ئاکام مایەوە، شوانەیان دایە بەر دەستڕێژ و برینداریان کرد. جەلادانی ڕژیمی ئیسلامیی ئەو لاوە بریندارەیان ئەشکەنجە کرد، کوشتیان و تەرمی شێواوی ئەویان بەو لپەڕی بێڕێزییەوە بەناو شاردا گەڕاند و دواتر ڕادەستی بنەماڵەکەیان کرد. مەبەستی ڕژیم لەم کردەوەیە، چاوترسێن کردنی خەڵك بوو، بەڵام ئاکامەکەی بە پێچەوانەی ویستی ڕژیم هەڵگەڕایەوە. دانیشتوانی شاری مەهاباد کاتێك ئاگاداری ئەم جینایەتەی هێزەکانی ڕژیم بوون، بە کۆمەڵ چوونە بەردەمماڵی ئەم لاوە خەباتکارە و هاوخەمیان لەگەڵ بنەماڵەکەی و نەفرەتی خۆیان لە دژی ڕژیمی ئیسلامی دەربڕی

ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی پووشپەڕ خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد و بە تایبەت لاوان لە شەقامەکانی ئەو شارە دەستیاندایە خۆپیشاندان و بە دانی دروشم لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکان، نیشانیان دا کە هیچ جینایەتێکی ڕژیم بێ وڵام نامێنیتەوە. ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ خۆپیشاندانەکان لە ئاستێکی بەرین تردا بەڕێوەچوو و هێرشی هێزەکانی ڕژیم لە گەڵ خۆراگری تێکۆشەرانی ئەو شارە بەرەوڕوو بوویەوە. هێزەکانی ڕژیم تەیار بە ئامرازەکانی سەرکوت لە هەمان کاتدا لە ئاسمانەوە بە هێلیکۆپتەر پشتیوانییان لێ دەکرا. لە ئاکامی ئەم بەرەوڕوو بونەوەیە لە نێوان هێزەکانی ڕژیم و خەڵکی خەباتکار و لاوانی مەهاباد، ٥٠ کەس لە خۆپیشاندەران دەستبەسەرکران. ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ خەڵکی مەهاباد بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی زیاتر بەرامبەر بە کردەوەی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی و میلیتاریزە کردنی شار، هاوکات لەگەڵ درێژی خۆپیشاندان، دوکان و بازاڕ و ناوەندەکانی کاریان داخست دوابەدوای خۆپیشاندان، بەرەوڕووبونەوەی بوێرانە و نارەزایەتی جەماوەریی لە مەهاباد، خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دەربڕین لە دژی کۆماری ئیسلامی، شارەکانی دیکەی کوردستانیشی داگرت. خەڵکی خەباتکار و لاوانی شورشگێر لە شارەکانی بۆکان، مەریوان، شنۆ، پیرانشار، بانە، سەقز، سەردەشت، سنە و دیواندەرە و شار و شارۆچکەکانی تر، بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد بەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەوە پەیوەست بوون. ئەوان وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕژیم چەند داخوازییەکیان هێنایە گۆڕێ، کە بریتی بوون لە: ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتانە، ئازاد کردنی دەستبەجێی گیراوەکان و ڕاگرتنی جینایەت و کوشتار لە کوردستان. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی لە جیاتی وڵام دانەوە بە داخوازی ڕەوای خەڵکی کوردستان، هێزێکی زۆریان ڕژاندە کوردستان و بەریان دانە گیانی خەڵك. ئەم خەباتە ئەگەرچی داخوازی ڕوونی هەبوو، بەڵام بە شێوەی پرشوبڵاو لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوەدەچوو. بەرەوڕووبونەوەی خۆپیشاندەران و هێزەکانی ڕژیم لەسەر شەقامەکان زیانی زۆرتری بە خەڵك دەگەیاند. لە شاری سەقز چەکدارەکانی ڕژیم ڕیزی خۆپێشاندانی خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و ژمارەیەك گیانیان بەختکرد و ژمارەیەکیش بریندار بوون. کاتی ئەوە هاتبوو کە هێز و توانای خەڵکی تێکۆشەر لە حەرەکەتێکی ڕێکخراو و هاوئاهەنگ دا بە دوژمن نیشان بدرێت. کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ی وەك ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە کوردستان ڕاگەیاند و بانگەوازی کۆمەڵە لە ڕاگەیاندنێکدا کە ڕۆژی ١١ی گەلاوێژ بڵاوکرایەوە بە ئاگاداری خەڵك گەیشت. دوای بڵاوبونەوەی بانگەوازی کۆمەڵە، کرێکاران، لاوان و پێشڕەوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە شارەکان لە پێناو ئامادەکاری بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی مانگرتنی گشتی، کەوتنە خۆ. دام و دەزگاکانی ڕژیم بۆ پێشگرتن بە بەڕێوەچوونی مانگرتن، هەوڵەکانی خۆیان دەست پێکرد. نەیارانی ئەم حەرەکەتەش لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا چی بۆیان کرا لە پێناوی پێشگرتن لە سەرکەوتنی ئەو بانگەوازە درێغیان نەکرد. کار گەیشتە جێگایەك کە ڕێکخراوێك کە بەداخەوە ناوی کۆمەڵەشی لە سەر خۆی داناوە، بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی داوای لە خەڵك کرد لەو حەرەکەتەدا بەشداری نەکەن. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ بە ملیۆن ژن و پیاوی تێکۆشەر و ئازادیخواز بە داخستنی دوکان، کارگا و ئیدارە و شوێنەکانی خوێندن و ناوەندەکانی دیکەی کار، وڵامێکی یەکگرتوانە و کەم وێنەیان بە کۆماری ئیسلامیی دایەوە و هاوکاتیش نیشانیان دا کە بایەخێك بە کردەوەی تێکدەران و نەیارانی ئەم حەرەکەتە نادەن. خەڵکی ناڕازی لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، مەریوان، سەقز، سنە، شنۆ، پیرانشار، بانە، سەردەشت، ڕەبەت، کامیاران و دیواندەرە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پێشوازی ئەم بانگەوازەوە هاتن و لە شارەکانی نەغەدە و ورمێش بەشێکی بەرچاو لە خەڵك لە مانگرتن دا بەشداریان کرد. بەم جۆرە ئەم مانگرتنە سەرکەوتوانە و شکۆدارە وەك ڕۆژێکی مێژوویی لە خەباتی خەڵکی کوردستان دا تۆمار کرا. ئەم مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا کە سەرەڕای گشت جینایەتەکان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان، ئیرادەی خەڵك بەرامبەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و کردەوەکانی، قایمتر و ڕیزەکانیان یەکگرتووتر و پتەوەتر بووە. سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە لە هەمان کاتدا کە ڕیشەی لە چەند دەیە خەباتی پڕاوپڕ لە فیداکاری خەڵك دا بوو، بە جەسارەت و خەباتی شێلگێرانە و یەك مانگەی خەباتکارانی مەهاباد و باقی شارەکانی کوردستان جێگیر کرا. بەم مانگرتنە وشیارانەیە، سەراسەری، ڕێکخراو و سەرکەوتوانەیە، خەباتی خەڵکی کوردستان لە دژی ڕژیم پێینایە قوناغێکی دیکەوە. قوناغێك کە تێیدا خەباتی وشیارانە، ڕێکخراو و بە بەرنامە دەورێکی کاریگەر لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەبینێت.

ڕژیم کە هێزی خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکی بینی، ڕۆژێك دوای مانگرتن و لە هەوڵێکی فریوکارانەدا هەیئەتێکی لە نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامیی ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد تا بەناو دڵنەوایی لە خەڵك بکەن. ئەندامانی ئەم هەیئەتە بە لێدوانی بێ ناوەرۆکی بەرپرسانی ڕەسمی وەك ئیمام جومعە و فەرماندارانی شارەکان هێندێك نومایشیان وەڕێخست و بەکردەوە داخوازییەکانی خەڵکیان خستە پشتگوێ. بەڵام دەرسەکانی مانگرتنی گشتی چووە سەر ئەزموونەکانی هێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵك و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی هەنگاوێکی گەورە بەرەوە پێش برد. بە دوای ئەو ئەزموونەدا تا ئێستا چەندین جار و بە تایبەت لە گەرمەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دا، جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و نەفرەت و نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە دەستدرێژی و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، مانگرتنی گشتییان بەڕێوە بردووە و مانگرتنی سیاسی بۆتە بەشێک لە نەرێتی خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای کوردستاندا

****

# تەپوتۆزی شەڕ دەنیشێتەوە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبوژێنەوە



دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکردۆتەوە هەر بەو پێیە نیگەرانیی پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی جەماوەری سەرتاپێی ڕژیمی داگرتووە. گومان لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی لە وەڵام بەم نیگەرانییە، توانایی هیچ رادەیەک لە باشترکردنی ئاستی ژیانی خەڵکی نییە، بە تایبەت ئێستا ئیتر ئامرازی فریودانی لەدەستداوە. لە ئاوا بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامی، شمشێری لەدژی خەڵک لە کالان دەرکێشاوە و تەنیا ئامرازێکی کە لەبەردەستیدایە بەکارهێنانی زۆر و سەرکوتە. بەڵام ڕاوێژکارە دوورئەندێشەکانی تری ڕژیم هۆشدار ئەدەن کە سەرکوت ئەگەرچی پێویستە، بەڵام وەڵامدەرەوە نییە و پێشبینی دەکەن کە ڕۆژانی تۆفانی تر لە ڕێدایە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی هەوڵ ئەدات تا هەموو زەرفییەتەکانی دەزگای سەرکوت و جەنایەتی خۆی پیشان بدات، بەڵام لە هەمان حاڵدا دەبێ لە مێژووەوە فێر بوویێتن کە سەرکوت و جەنایەتکردن ئاستێکی بەرتەسکی هەیە و ناکرێ بە پشت بەستن بەم ئامرازە بەر بە لافاوی خرۆشاوی جەماوەری وەگیان هاتوو بگیرێت. لەمڕووەوە بە دڵنیاییەوە دەکرێ بوترێت ئەم سیاسەتە مەحکووم بە شکستە، یان ڕەنگە باشتر بێت بڵێین کە پێویستە تووشی شکستی یەکجارەکی بێت. ئەمجار دەبێ ئەم ئاخێزە جەماوەرییە بە وشیاری و لێهاتویی و کاری بیر لێکراوە و بەرنامە بۆ داڕێژراوتر بچێتە پێشەوە. ڕێکخرابوون لەئاستی جەماوەریدا وەك پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر ئاوێتە بە ڕەچاوکردنی هەنگاوی کۆمەڵێک تاکتیکی و سیاسی وشیارانە، بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە ئەو کۆمەڵایەتییە کە ڕژیم بە هاسانی ئیمکانی مانۆڕ و چاوترسێنکردنیانی نییە، دەتوانێ لە ڕەوتی گەشەسەندن و بەربڵاوتربوونی خۆیدا، ڕژیم بە چۆکدا بێنێ. لە ڕاستیدا سەرەڕای کزبوونی ناڕەزایەتییە گشتییەکان، کۆماری ئیسلامی بە گشت باڵەکانییەوە مەترسی لەناوچوونی، لەبنگوێی خۆی هەست پێکردووە. ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی، خەوی لە چاوی سەرانی ڕژیم زڕاندووە. کۆماری ئیسلامی هەستیکردووە کە تەنیا بە لەمەیدان وەدەرنانی هەڵسووڕاون و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێ مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن. لەمڕووەوە ئاستی سەرکوتی خۆیان بەرینتر دەکەنەوە. وتمان کە ئەم سیاسەتەی ڕژیم مەحکووم بە شکستە، ناسینی وردی ئەم ڕاستییە سەرەتایەکە بۆ پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتی سەرکوتی ڕژیم. هەربۆیە پێوستە ئامادەکاری بۆ ئەم شکستە بکرێت. ئامادەکاری بۆ ئەم کارە بریتییە لە هەڵگرتنی هەنگاو بە هەنگاو لە مەسیرێکدا کە سەرئەنجام دام و دەزگای سەرکوتی ڕژیم ئیفلیج و ناکارامە دەکات. چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دەبێ خۆیان بۆ نەبەرد لەگەڵ دوژمنێکدا ئامادە بکەن کە ڕێکخراوە و ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. سەرکەوتن لە وەها نەبەردێکدا پێویستی بە وشیاری، ڕێکخراو بوون، ڕێبەری و بە ستراتیژی ڕوون هەیە. ئەگەر ئاخێزی جەماوەریی، هەڕەشەیە بۆسەر ڕژیم، ڕژیمێك کە بارودۆخێکی دژواری بەسەر ژیانیاندا سەپاندووە، ڕێگایەکی دیکەی بێجگە لە بەرەوڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاوا ڕژیمێك نەماوەتەوە، لە ئاوا بارودۆخێکی دژواردا زۆر سروشتییە کە کاردانەوەی ڕژیمیش هاوتەریب بێت لەگەڵ ئاستی مەترسییەکی کە هەستی پێکردووە. بۆیە مەترسی لەم شێوەیە و لە ئاوا ئاستێکدا، لە لایەن هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و جەماوەری تێکۆشەرەوە، ڕێگا و شێوازی تایبەت بەخۆی دەخوازێ. دەبێ کارەکە لە جێگایەکەوە دەست پێبکرێت کە سیاسەتی ترساندن و چاوسوورکردنەوەی ڕژیم لەوێدا کارایی نییە. مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە کرێکارییەکان، مانگرتنی گشتی بەردەوام، ئەو مەیدانانەن کە سێحرەکانی ڕژیم لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن پووچەڵ دەکاتەوە

****

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# ڕۆڵی تورکیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!

**کورتکراوەی وتارێک لە نوسینی: عوسمانی حاجی مارف**

زیاتر لە دە ساڵە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا گرژی قووڵی بەخۆیەوە بینیوە، لەهەمانکاتدا چەندین سەدە قۆناغی دوژمنایەتی ئاشکرا، یان کێبڕکێی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەم پێیەش لەئێستادا لە بەرژەوەندی هیچ کام لە ئیسرائیل و ئێران هەڵوێستی نەگرتووە. لە شەڕی ئەم دواییەی هەردوو وڵاتدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەنقەرە لایەنگری ئەوەیە نفوزی ئەتۆمی ئێران سنووردار بکرێت، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانی سەرسەختی باڵادەستی سەربازی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا و ترسی هەیە لە دەرئەنجامی ئەگەرەکانی داڕمانی کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاری ئەمریکاو ئیسرائیلدا

لە سەردەمی ئەردۆغانەوە، ئێران و تورکیا لە سوریا خەریکی ململانێیەکی درێژخایەنی بە وەکالەت بون، تاران پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد دەکرد و ئەنقەرە بەتەنگ پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بوو، بەڵام ئەمە دوو ڕۆڵی جیاوازە هیچ گۆڕانکاری و کاریگەریەکی لە بیرکردنەوەی ستراتیژیان لە تەواوی ناوچەکە نەکردووە، وەک دوو زلهێزی ئیقلیمی و یەکسان لە دەسەڵاتدا و یەکسان لە هاوسەنگیدا لە مامەڵەی یەکتریان کردووە، بەوهۆیەوە خۆیان لە دوژمنایەتی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاوسەنگیە مێژوویە و ڕکابەری هەردولایان بۆ دەخالەتیان لە ناوچەکە، بیرۆکەی بونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی لای تورکیا، هێڵێکی سورو مەترسیداربووە. ئەگەر تاران سوودێکی لەو شێوەیە بەدەست بهێنێت، ئەوا بە شێوەیەکی کاریگەر ئێران هاوسەنگی هێزی سێ سەدە لە بەرامبەر تورکیا کۆتایی پێدەهێنێت. بۆیە ئەنقەرە بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لەو ڕێوشوێنانە کردووە کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە بە ئەتۆم بونی ئێران

ئێران و تورکیا هەرلایەکیان پەیوەست بە سیاسەت و بەرژەوەندیان لە ناوچەکەدا بە شێوازی جیاواز دژایەتی ئیسرائیلیان کردووە

هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەردۆغان بە میوانداریکردنی شاندێکی حەماس گرژی و ئاڵۆزیەکانی لە بەرامبەر ئیسرائیل هەڵگیرساند. کاتێک هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر کەشتیەکی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٠دا، کە ئیسرائیل هەوڵی ئەدا شکاندنی گەمارۆی کەرتی غەززە لە ژێر کۆنترۆڵی حەماسدا دەربهێنێت، هەشت هاووڵاتی تورکیا و دوو هاووڵاتی ئەمریکی کوژران. بە دوایدا پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل بە تەواوی داڕما، هەروەها بەردەوامی دەسەڵاتی ناتانیاهۆ، بەوەی پەرچەکرداری بەرامبەر دەخالەتی تورکیا لە ناوچەکە نیشان ئەدا، تێکچوونی پەیوەندیەکانی خێراتر کرد، ڕق و کینەی قووڵ و وەستانەویان بەرامەبەر یەکتر، کەنێوانی ناتانیاهۆ و ئەردۆغان گەیشت بەوەی گەڕاندنەوەی پەیوەندیە هەمیشەیەکان نزیک کردەوە لە مەحاڵ. هاوکات ئیسرائیل کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەسەدە دامەزراند، ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل وەک بەشێکی لەوەلامدانەوە بە پەیوەندیەکانی ئەنقەرە بوو لەگەڵ حەماسدا

ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زیاتر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیلی ئاڵۆزترکرد، ساڵی ڕابردوودا تورکیا یارمەتی هێزی میلیشیای ئەحمەد شەرعی دا و گەیاندنی بە ڕووخاندنی ئەسەد، بەمەش دیمەشق کەوتە دەست گروپە ئۆپۆزیسیۆنە میلیشیاکان بە سەرۆکایەتی هەیئەت تەحریر شام، ئەم هەنگاوەش داڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیلی تووڕە کرد و هەندێکیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە تورکیا یەکێ لە ڕکابەری سەرسەختی ڕۆڵی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ئەسەد و دەخالەتی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی تورکیا لە سوریا ئەم حاڵەتی بارگرژی و ململانێیە هەردوولای بەرجەستەتەکردەوە

دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هاوکاری پرۆسەی دیپلۆماسی دەکات، کە لەم بارەیەوە بەگشتی دۆخی ناوچەکە و چاوەڕوانی لایەنەکان بەستراوەتەوە بەو دانوستانەی کە دەبێت ئەمریکاو ئێران ئەنجامی بدەن، کە تائێستا لەوبارەیەوە کاتێکی گونجاو دیاری نەکراوە، هەر بۆیە دۆخەکە بەگشتی بە هەڵواسراوی و نارۆشنی ماوەتە، تا باسکردن لە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەکە ڕوبداتەوە لە هەمانکاتدا چاوەڕاون دەکرێت ئەمریکا تەواوی پرسەکانی ئێران بخاتە نێو وتووێژە ستراتیژیە دوو قۆڵیەکانی لەگەڵ تورکیادا، تا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئامانج لێی ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران نیە، بەڵکو فشارخستنەسەریەتی بۆ ئەوەی لاواز بێت، دواجار واز لە تەماحە ئەتۆمیەکانی بهێنێت، دەرئەنجامێک کە بەرپرسانی تورکیاش پشتیوانی لێدەکەن، هەروەها ئەمریکا هەوڵئەدات ئیسرائیلیش پاپەند بکات بەو ئەنجامگیریەی کە ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوێت

کۆماری ئیسلامی ئێران، هیچکات وەک ئێستا لە پێگەیەکی وەها لاوازدا نەبووە، دوبارە بونەوەی لێدانی یەک لە دوای یەک دەتوانێت بەرەو لێواری داڕمانی بەرێت. لەم سیناریۆیەدا تورکیا دەرفەتێک لەدەست ئەدات بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەگەر ئیسرائیل شەڕی ئاسمانی خۆی نوێ بکاتەوە، مەترسی هاوشێوەی دوانزە ڕۆژی شەڕەکە زیاتر دروست دەبێتەوە

ئەردۆغان هەوڵئەدات بە بێدەنگی ململانێکان وەک شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بقۆزێتەوە، هەم بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەنقەرە لە ناوچەکەدا و هەم بۆ سەرقاڵکردنی لە پرسە ناوخۆییەکان

تورکیا هەڵکشانی سەربازی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی گرنگی دیپلۆماسی خۆی دەزانێت، ئەردۆغان ویستویەتی لە ئیستانبوڵ میوانداری وتووێژی ڕاستەوخۆی نێوان بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و ئێران بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستی هێنا، جگە لەوەش بە گشتی دۆخەکە بە جۆرێک ئاڵۆزی و بارگرژی پێوە دیارە، واپێدەچێت لە ئێستادا ڕێرەوی ڕووداوەکان لە چاوەڕوانی دانوستانی ئەمریکا و ئێراندایە!

****

# داخی شکستێکی دیکە لە سەر دڵی ڕژیمی ئیسلامی

دەوڵەتی پزیشکیان لایەحەیەک کە بە مەبەستی گوشار خستنەسەر بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سنووردارکردنەویان، بردبویە مەجلیس، وەریگرتەوە. ئەو وەرگرتنەوەیە بەرهەمی شەپۆلێکی کارادانەوە لە ناوخۆی وڵاتەوە بوو. بەپێی ئەو گەڵالەیە دەیان توانای بە هەر تەفسیرێکی درۆی کە لە وشەی بەکارهێنەرێکی ئینترنێتی بیکەن، ڕاپێچی زیندانی بکەن کە بۆیان نەچووە سەر و بەبێ هیچ ڕەونکردنەوەیەک بە ئەسپایی وەری بگرنەوە.

ئەوە یەکەم جارنییە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دیاردەیەکی سیاسی و فەرهەنگیدا پاشەکشە دەکات. مێژووی ٤٦ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەریدەخات کە هەوڵەکانی ئەم ڕژیمە لە گشت بوارە فەرهەنگی و پەروەردەییەکاندا بەرەورووی شکست بۆتەوە. بەریان بە ویدۆ گرت، هێشتا داخی شکستەکەی بەسەر دڵیانەوە مابوو کە ماهوارە هات. بۆ کۆکرنەوەی دیشی ماهوارەکان لەشکرکێشییان دەکەن، خەڵک چەند کاتژمێر دواتر سەرلەنوێ دایاندەمزراندەوە. لە بەرەنگاربوونەوەی ماهوارەدا ناکام بوون کە ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە سەریان هەڵدا. زانستی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

دریژە ی لاپەڕەی٦

مرۆڤایەتییان لە ناوەرۆکی دەرسی زانکۆکان لابرد، کتێبە زانستییەکان لەم بوارەدا تیراژیان بەرز بوویەوە. فیلمسازانی پێشکەوتنخوازیان زیندانی کرد، فیلمی زیاتر و بە سەرکەوتنی بەرچاوتر لە فستیواڵە جیهانییەکاندا دەرکەوتن

خامنەیی و کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ژێر فەرمانی لە ماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتیدا هەرچی لە توانایاندا بووە بەکاریان هێناوە تا باوەڕ، ئەخلاق، هەڵسوکەوتی خەڵک بە ڕێکخستنی هەموو جۆرە ئۆرگانێکی بڵاوکەرەوەی خورافە و بە زەبری هەموو جۆرە دەزگایەکی سەرکوت و خەفەقان، والێبکەن کە خۆیان دەیانەوێ. حەوزە ئاخوندییەکانیان لە هەموو جێگایەک پەرەپێدا تا خورافە بەرهەمبێنن و بڵاوی بکەنەوە. وەزارەتی ئیتلاعات و ئیرشادیان ڕێکخست تا هەموو شتێک بپشکنن و بەر بە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەی پێشکەوتنخوازانە بگرن. گەشتەکانی سارەللە و دەستەی لیباس شەخسییان سازماندا تا لە کۆڵان و شەقامەکاندا بکەونە گیانی ژنان و کچان، باتۆمیان بەسەردا بەرز بکەنەوە و تێزاب بپژێنن بە دەموچاویاندا و گشت ئەو شتانەی بەحاڵ بۆنی مرۆڤایەتی و شارستانییەتی پێوە دیارە لەنێو بەرن ئەوان زیندان و ئەشکەنجەگاکانیان لە شەریف ترین و شایستە ترین ئینسانەکان ئاخنی و داری ئێعدامیان چەقاند و کۆمۆنیستەکان و تێکۆشەران و نارازییانیان کوشت. بەناو شۆڕشی فەرهەنگییان وەڕێخست، دەرسەکانی زانستی ئینسانییان لە زانکۆکاندا لابرد، لە حەوزە ئاخوندییەکان، ملایان نارد بۆ مەدرەسەکان، کتێبی دەرسی منداڵانی ٨ و ٩ساڵەیان لەسەر بنەمای جنسیەتیان لێک جیاکردوە، زانکۆکانیان کردە ژنانە و پیاوانە تا خەڵک وادار بە ملکەچبوون و تەسلیم بکەن. بەڵام بینیمان ئاکامەکەی چی بوو؟

ئەگەرچی لاوانی ئێران لە سەرەتایی ترین دەرفەتەکان بۆ چیژ وەرگرتن لە دەورانی لاوی و گەشەکردنی تواناییەکانیان بێبەشن، بەڵام لە بەرانبەردا تەسلیمی بارودۆخی هەبوو نەبوون و کۆنەپەرستی حاکم نەیتوانیوە ئەوان لە چوارچێوەی یاسا و سوننەتە دواکەوتووکاندا دیل بکات. ئاگری ئەم خۆڕاگرییە لە هەزار و یەک دەربیجەوە سەری هەڵداوە. کۆماری ئیسلامی بە خەرجکردنی بودجەیەکی کەڵان، بە بەکارهێنانی توندترین شێوەکانی سەرکوت و بە پەرەدان بە سوننەتەکانی پیاوسالارانە، نەیتوانیوە ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی بەسەر لاوانی ئێراندا بسەپێنێ

ئەم ڕاستییە ئیتر وەک سەرەتایەکی لێهاتووە کە دیکتاتۆرەکان و کۆنەپەرستان نە تەنیا دەرس لە ئەزموونی ژیانی خۆشیان وەرناگرن ،بەڵکوو هەر ئەو جۆرەی کە گەلێک جار بینیومانە، سەرئەنجام سەری خۆیان لەسەر پێداگری و کەللە ڕەقی لە بەرانبەر گەشە و کامڵبوونی ڕاستییە سەرسەختە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنێن

****

# ڕۆڵی سیاسەت و فاکتەرە مرۆییەکان لە قووڵبوونەوەی، قەیرانی ئاو لە ئێران




قەیرانی ئاو لە ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ. هەر ئێستا ئێران لەگەڵ یەکێک لە مەترسیدارترین قەیرانەکانی کەم ئاویی لە مێژووی خۆیدا بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەم قەیرانە نەک هەر مەترسی لەسەر دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیان دروست دەکات، بەڵکوو کاریگەری لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ژینگەیش هەبووە. ئێران دەکەوێتە سەر پشتێنەی وشکی جیهان و تێکڕای بارانبارینی ساڵانەی نزیکەی ٢٥٠ ملمە کە کەمترە لە یەک لەسەر سێی تێکڕای بارانبارینی جیهانی، واتە (٨٠٠ ملم). ئەم کەمیی بارانبارینە سروشتییە بنەمای کێشەکانی ئاوی وڵات پێکدەهێنێت. جگە لەوەش ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ماوەی درێژخایەنی وشکەساڵی، سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی و سەرزەوی کەم بووەتەوە. تەنیا بەنداوەکان نین کە ئاویان کەمی کردووە و تەنیا پارێزگای تارانیش نییە کە ڕووبەڕووی کەمیی ئاوی جیددی بووەتەوە، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران ئاستی ئاوی ژێر زەوی کەم بووەتەوە و دەشتەکانی وڵات لەگەڵ مەترسیی ڕۆچوونی زەوی بەرەوڕوون.

بەڵام ئەو ڕاستییەی کە جوگرافیای ئێران لە سەر پشتێنەی وشکی جیهان هەڵکەوتووە، بەو مانایە نییە کە ئەم کۆمەڵگایە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لەگەڵ بنبەست بەرەوڕوو بێتەوە و بەردەوام چاوی لە ئاسمان بێت. بەڵکوو لە دونیای ئەمڕۆدا و لەگەڵ پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری زانست و تەکنەلۆژی و لە وڵاتێکدا کە ئەگەر بارانیشی کەم لێ ببارێت، بەڵام چونکە لەسەر دەریایەک لە سامانی سروشتی ژێر زەوی هەڵکەوتووە، بە بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسەتی زانستیانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کێشەی ئاو بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. ئاشکرایە کە کەمی ئاو کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەیە و ژیان بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێران بە تایبەت کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە شار و گوندەکان دژوارتر دەکات. بەکارهێنانی ئاستی نزمیی تەکنەلۆژیا لە کشتوکاڵدا، ڕێگە نادات تەنانەت ئەم بڕە ئاوە کەمەش، بەشێوەیەکی باشتر بەکاربێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک هولەند بە تێکڕا ٤ لیتر ئاو بۆ بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ تەماتە بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ئێران بەشێوەی مامناوەند ٤٠ لیترە. بەهۆی کەمی ئاوەوە بەرهەمی کشتوکاڵی کەم دەبێتەوە. لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، نرخی بەرهەمە خۆراکییە سەرەتاییەکانی خەڵک کە هەر ئێستاش گرانە، بە خێرایی گرانتر دەبێت. کەمبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی بە واتای کەمبوونی داهاتی جووتیاران و پەرەسەندنی بێکاری لە ناوچە گوندنشینەکان و کۆچکردن بۆ شارەکان، یەکێک دەبێت لە یەکەم دەرئەنجامەکانی. بەڵام شارەکانیش ناتوانن شەپۆلی بەربڵاوی کۆچکردن لەخۆ بگرن و بەم هۆیەوە پەراوێزنشینی زیاتر دەبێت.

جگە لەوەش زۆرێک لە پیشەسازییەکان وابەستەن بە بەکارهێنانی ئاو و لەگەڵ کەمبوونی سەرچاوەکانی ئاو، تێچووی بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات و تەنانەت ژمارەیەک لە یەکە پیشەسازییەکان ناچار دەبن دابخرێن. لە ئەنجامدا هەلی کار بۆ کۆچبەرانیش لە شارەکاندا کەمتر دەبێتەوە و ڕێژەی بێکاری زیاد دەکات. جگە لە هەموو ئەم هۆکارانە، پێویستە ئاماژە بە نەبوونی کلتوری دەستپێوەگرتن لە بەکارهێنانی ئاویش بکرێت قەیرانی ئاو لە ئێران، دەرئەنجامی هاوکات بوونی کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆری سروشتی، مرۆیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لە نێو هەموو ئەم هۆکارانەدا، تەنیا دوو هۆکار بۆ کەمیی ئاو دەهێننەوە: یەکەم، کەمبوونی بارانبارین و دووەم، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاو لە کاری کشتوکاڵدا. بێگومان هەردووکیان ڕاستن، بەڵام تەنها بەشێکن لە ڕاستییەکە. ئەوان هیچ ئاماژەیەک بە گرنگترین هۆکاری کەمی ئاو ناکەن کە بریتییە لە گەندەڵی دامەزراوەیی لە ئۆرگانەکانی ڕێژیمدا. سەبارەت بە هۆکاری یەکەم، پرسیار ئەوەیە کە کێ، بە نەزانی و قازانجپەرستی، بووەتە هۆی ئەوەی کە کەمبوونی باران، ئێران بەمشێوەیە لەگەڵ کەم ئاویی بەرەوڕوو بکاتەوە؟ هۆکارەکانی ئەم ڕەوتە زۆرن، کە هەموویان ئاسەواری فاکتەرە مرۆییەکانیان پێوەدیارە. سیاسەتی ماکرۆی خۆبژێوی کشتوکاڵی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە لاوەکی و هۆکارە پێوەندیدارەکانی، بەجۆرێک کە لە ئێران ٩٠ لەسەدی بەر بەکاربردنی کشتوکاڵ دەکەوێت. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە بریتییە لە دەرهێنانی لەڕادەبەدەری ئاوی ژێر زەویی، کە تەنانەت بارین بارانیش قەرەبووی ناکاتەوە. بە پێی ئامارەکانی حکوومەت، نزیکەی یەک ملیۆن بیر لە ئێران بوونی هەیە کە ٧٥٨ هەزار بیریان لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لێدراون. لەم نێوەندەدا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار بیر تەنانەت مۆڵەتیشیان نییە، کە زۆربەیان بۆ بەکارهێنانی ڤیلا و باخ و سەیرانگای تایبەتی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئێران بوون

دریژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

بەفیرۆدانی ئاو لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن بەهۆی کۆنبوون و پرتووکاوی بۆری و دامەزراوەکانی ئاو. بەجۆرێک کە بەپێی سەرچاوە حکومییەکان، لە هەندێک ناوچە ٤٠ لەسەدی ئاوی ناو تۆڕەکانی گواستنەوەی شارەکان، بە کردەوە لەناو دەچێت و هیچ هەوڵێک بۆ چاککردنەوەی بۆرییەکان نادرێت. بەکارهێنانی سنوورداری ڕێکارە مۆدێرنەکانی ئاودێری لە کشتوکاڵدا، نەبوونی وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆژیای سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئاو، نەزانی و پرۆژەی بێ پلان و ناکارناسانە، مافیای پیشەسازی و ڕانتخۆری سپای پاسداران و گەندەڵیی جێگیر لە ناوەندە حکومییەکان، هەمووی ئەمانە دەستیانداوەتە دەستی یەکتر و زیانی لەقەرەبوو نەهاتوویان بە سەرچاوەکانی سروشتییەکانی ئاو گەیاندووە، کە ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان، ئەم ڕاستییە ئاشکراتر دەکات: گەورەترین وێستگەی ئاوی پیشەسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان نەک لە کەناراوەکانی باشوور، بەڵکوو لەسەر فەلاتی ناوەڕاست و لە بیابان دروستکرد و بە ئاوی گواستراوەی کارون گەشەیان پێدا. بەنداوی گەتوەند لە باشووری ئێران، جگە لە تێچوویەکی یەکجار زۆر بۆ دروستکردنی، ملیۆنان مەتری چوارگۆشە خوێی شاخەکانی ناوچەی حەوزی بەنداوەکەی تواندەوە و هەزاران هێکتار لە بەپیتترین زەوییە کشتوکاڵییەکانی پشت بەنداوەکەی کردووە بە شۆرەکات

واقیعییەت ئەوەیە کە تا ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێت و نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون و ئازادی و ژینگەی خەڵکی بە بارمتە گرتبێت، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەدی ناکرێت کە بەرۆکی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێرانی گرتووە. ئەو دام و دەزگا ئیدارییە گەندەڵەی کە ئەم دەسەڵاتە پەروەردەی کردووە، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کارەساتە سروشتییەکان، لەوانە وشکەساڵی و چارەسەری بنەڕەتی و پێکهاتەیی کەمبوونی ئاوی نییە. ئەولەوییەت بۆ ئەم دەسەڵاتە بەردەوام بریتی بووە لە سەرکوتی خەباتی یەکسانیخوازانە و ئازادیخوازانەی جەماوەر و دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی نەیارەکانی. ئەم ڕێژیمە بەبێ هەستکردن بە هەڕەشەیەکی جددی لەلایەن خەڵکەوە، وەڵامی هیچ داواکارییەک ناداتەوە. ئێران لەسەر دەریایەک لە سامانی سروشتی هەڵکەوتووە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بکەوێتە دەستی خاوەنانی ڕاستەقینە و بەتوانا، واتە کرێکاران و شۆڕاکانی هەڵبژێردراوی ئیرادەی ئازادی جەماوەر، بێگومان لە وڵاتێکی ئاوا خاوەن سەروەت و سامان و هێزی بێکۆتایی کاری داهێنەرانە، ئەو کێشانەی کە ژیانی ئەمڕۆی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکیان لەگەڵ نەهامەتی بەرەوڕوو کردووە، بە سانایی چارەسەر دەبن

****

# چاودێری تەندروستی لە ئێران: لە مافی شارڕۆمەندییەوە بۆ کاڵای بازرگانی



سیستەمی چاودێری تەندروستی لە ئێران هاوشێوەی زۆرێک لە بوارە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەک ئاو، کارەبا، پەروەردە و هتد، لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕووە. قەیرانێکی کە ڕیشەی لە تەواوی پێکهاتەی ئابووری-سیاسی دەسەڵاتدار و بە بازرگانیکردنی خزمەتگوزارییە دەرمانییەکاندایە. دابینکردنی بودجەی وەزارەتی تەندروستیی کۆماری ئیسلامی، لە زومرەی ئەرکە لەپێشینەکان نییە و هەمیشە ئەو بڕە بودجەیەی کە دەمێنێتەوە بۆ ئەم بوارە تەرخان دەکرێت. هەرکاتێکیش دەوڵەت لەگەڵ کورتهێنانی بودجە بەرەوڕوو بووەوە، یەکەم شت کە دەیکات، بودجەی دەرمان و خۆشگوزەرانی خەڵک کەم دەکاتەوە. بەپێی ئامارەکان کەمتر لە ٤ لەسەدی بودجەی وڵات بۆ چاودێری و دەرمان و کەرتی تەندروستی تەرخان دەکرێت. لە پارێزگا بێبەشەکانی وەک سیستان و بەلووچستان، کوردستان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کۆهگیلویە و بۆیرئەحمەد تەنانەت زۆر لەو پشکی ٤ لەسەدەش کە ئاماژەی پێکرا کەمترە، ئەمەش نایەکسانییەکی بەرچاو لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی نیشان دەدات گرانیی تێچووی زۆری خزمەتگوزاریی پزیشکی، گرانی نرخی دەرمان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری تێچووی پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، تەندروستی گشتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای بۆ نزمترین ئاست دابەزاندووە، ئەمەش بەستێنی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندنی قوربانییە مرۆییەکان و کەمبوونەوەی تەمەن. بە پێی ڕاپۆرتی فەرمی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئاستی تەندروستی و خۆشگوزەرانی لە ئێران لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە و بەگوێرەی خەمڵاندنی ئەم ڕێکخراوە، ڕیزبەندی تەندروستی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە نێو ١٩٢ وڵاتی جیهان لە پلەی ١٢٣ دایە. لە کۆماری ئیسلامیدا سیستەمی پزیشکی بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەستی کەرتی تایبەتدایە. بەڵام جگە لەوەش، چارەسەر و دابینکردن و دابەشکردنی دەرمان لە دەستی مافیایەکدایە کە ئەندامەکانی یان خۆیان بەرپرس و خاوەن پلە و پایەی کاریگەری حکومین یان پشتیان بە بەرپرسان گەرمە. هەمووی ئەمانە دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و تەنانەت ئەو بیمە تەندروستییە نیوە و ناتەواوەشیان بێکاریگەر کردووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆرێک لە کرێکاران و خەڵکی هەژار و دەست تەنگ، بەهۆی بێبەشبوونیان لە بیمەی تەندروستی یان تەنانەت هەبوونی دەفتەرچەیەکی بێ بایەخی بیمە، ئێش و ئازاری نەخۆشییەکەیان تەحەمول دەکەن و سەردانی پزیشک و ناوەندە دەرمانی و نەخۆشخانەکان ناکەن، کە ئاکامەکەی بریتییە لە ڕەنج و ئازارێکی زۆر و مەرگی بە شێنەیی. هەڵبەت ڕاپۆرتەکان هەندێک حاڵەتی هەژێنەریش دەخەنەڕوو کە نەخۆشخانەکان خۆیان لە وەرگرتنی نەخۆشە هەژارەکان و بەتایبەتی منداڵانی نەخۆشی بنەماڵە کەمدەرامەتەکان بواردووە و بوونەتە هۆی گیانلەدەستدانیان. لەم سیستەمە پزیشکییە مافیاییەدا، ئیتر نەخۆشەکان وەک کەسانێکی کە پێویستیان بە دەرمان و چارەسەر هەیە سەیر ناکرێن، بەڵکوو بوونەتە کڕیارێکی پڕ سوود بۆ سیستەمی تەندروستی. لە سیستەمی چاودێری تەندروستی ئێراندا، سوودی دارایی جێگەی تەندروستی نەخۆشەکانی گرتۆتەوە و مافەکانی نەخۆش پەراوێزخراون. لە سیستەمێکدا کە ئابوورییە مایەپووچەکەی، پێویستی بە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی گشتییە لە ژێر ناوی بەتایبەتیکردن و سەپاندنی خۆپارێزی و زگ هەڵگوشینی ئابووری، لەسەر بنەمای ئابووریی نیۆلیبراڵی بەسەر خەڵکدا، چۆن دەتوانرێت باس لە دابینکردن و دادپەروەری تەندروستی بکرێت؟ ئەو بەرپرسانەی کە بە کردەوە پشتیوانی کەرتی تایبەتن، چۆن دەتوانن باس لە ڕاستگۆیی بکەن لە گرنگیدان بە کێشە تەندروستییەکانی کەسانی کەم داهات؟ ئەگەر قبووڵی بکەین کە مەرجی سەرەکی دابینکردنی تەندروستی خۆپارێزییە، ئاشکرایە کە چاوەدێری و تەندروستیش بە تەواوی بەستراوەتەوە بە پرسی هەژارییەوە. چونکە تەندروستی بە پلەی یەکەم بە ڕێگریکردن لە نەخۆشی دابین دەکرێت. هەروەها خۆپاراستن پێویستی بە دابینکردنی خۆراکی پێویست و تەندروست و بەرەوپێشبردنی زانیاری هەیە سەبارەت بە خۆراکی خاوەن کوالێتی و پەروەردەکردن لەسەر چۆنیەتی ژیانێکی تەندروست و کات بەسەربردن و وەرزشی ڕۆژانە و چەندین بابەتی تر. بەڵام لە سیستەمێکی سەرتاپا گەندەڵی کە ٧٠ لەسەدی هاووڵاتیانی بەرەو هەژاریی موتڵەق و ڕێژەیی بردووە، چۆن دەتوانرێت ئەم مەرجە سەرەتاییانە بۆ خۆپارێزی و تەندروستی دابین بکرێت. دەرمان و چاوەدێری بێبەرامبەر مافی بێ ئەملاو ئەولای هەموو هاوڵاتییەکە. نابێت هیچکەس بەهۆی دەستڕانەگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان ئازار بچێژێت. هەموو نەخۆشێک مافی وەرگرتنی چارەسەری گونجاوی هەیە. نەخۆش پێویستی بە پشتیوانی هەیە، نەک ئەوەی کە وەک سەرچاوەی داهات سەیر بکرێت. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا نەخۆشەکان وردە وردە لە پێگەی کەسێکی خاوەن پێویستی چارەسەرەوە، بوونەتە سەرچاوەی قازانج. تا ئەو کاتەی کە تەندروستی وەک کاڵایەکی بازرگانی و نەک مافێکی سەرەتایی هەموو هاووڵاتییەک سەیر بکرێت، ئەم قەیرانە بەردەوام قووڵتر دەبێتەوە

بەڵام سیستمی چاودێری تەندروستی ئێران هاوکات سیستەمێکی گەندەڵە: لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کە ئیمکاناتی زیاتریان هەیە، بۆ نموونە، زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کەم نین ئەو نەشتەرگەرییە ناپێویستانەی کە تەنها بۆ بەدەستهێنانی قازانج ئەنجام دەدرێن. لە ئاکامدا نەخۆشەکان تێچووی نەشتەرگەرییەکیان بەسەردا دەسەپێت کە لە بنەڕەتدا ناپێویست بووە. لە نەخۆشخانە حکومییەکان کەمیی پزیشک و پەرستار و تاقیگە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و کەمی ئاستی خزمەتگوزاری بەڕادەیەکە کە زۆر کەس هیچ هیوایەکیان بە وەرگرتنی چارەسەر لەو ناوەندانە نەماوە. ئەوان هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت پارە پەیدا بکەن و سەردانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکەن. بەم جۆرە بەردەوام ژمارەی نەخۆشخانە حکومیی و بنکە تەندروستییەکان کەم دەبێتەوە و ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییە ئەهلییەکان زیاد دەکات. سیستەمێکی کە لە ڕێگەی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنییەتییەکانییەوە دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگادا گرتووە و بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە دەڕێژێتە گیرفانی تاقمێک نیزامیی سەرمایەداری جینایەتکار و لات و چەقۆکێشە سەرکوتگەرەکان و ئەوەی دیکەش لەپێناو تەیارکردنی دام و دەزگای سەرکوت و ناوەندەکانی پەرەپێدان بە نەزانی و خوڕافات دا خەرج دەکات، دەتوانێت چ پابەندبوونێکی هەبێ بەرامبەر بە تەندروستی و خۆشگوزەرانی خەڵک؟

****

# هەژاری لە کۆمەڵگای ئێراندا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی




هاوینی گەرم، پچڕانی بەردەوامی کارەبا و کەمی ئاو، هەژاریی و بێکاریشی لەگەڵدا بێت، دەردەکەوێت کە خەڵکی بێبەش و چەوساوە و ستەملێکراوی کۆمەڵگەی ئێران لە چ دۆخێکدا دەژین. هەژاری بە واتای دەستڕانەگەیشتن بە لانیکەمی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانێکی ئینسانی و شایستە. ئەم پێداویستیانە بریتین لە خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون، تەندروستی، پەروەردە و دابینکردنی کۆمەڵایەتی. بە پێی ئامارەکانی حکوومەت، زیاتر لە ٧٠ لە سەدی دانیشتووانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و لە دابینکردنی ئەو لانیکەمی پێداویستییانە بێبەشن. هەژاری لێکەوتەی وێرانگەری بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاندووە: هەژاری لەڕادەبەدەر کەلێنی چینایەتی قووڵتر و فراوانتر کردووە. هەژاریی کرێکاران ناچار دەکات بە کەمترین کرێ سەختترین کار قبوڵ بکەن. هەژاری دەرفەت دەدات بە سەرمایەداران و حکوومەت کە کێبڕکێی نێوان کرێکاران پەرەپێبدات و ڕێگریی بکات لە پێکهاتنی یەکڕیزی چینایەتی نێوان مرۆڤە هاوچارەنووسەکان. خەڵکی هەژار، لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بێبەشن و ئەم واقیعە زیانە کۆمەڵایەتییەکانی دوو هێندە پەرەپێداوە. تاوان و تاوانکاری، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، توندوتیژی و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگادا زیاد کردووە. کاتێک خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کەسانی بێبەش کەم دەبێتەوە و زۆربەیان لە خزمەتگوزاری تەندروستی بێبەش دەبن، نەخۆشییە مەترسیدارەکان پەرەدەستێنن و تەندروستی هەموو کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترسییەوە. هەژاری دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک کەس ناچار بن ئەندامەکانی جەستەیان بفرۆشن. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی جیهان کە بەشێک لە بێبەشان ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان، ئەندامەکانی جەستەیان بفرۆشن. تۆڕی دەڵاڵەکان، هەندێک کەسی ناو ناوەندە دەرمانییەکان و بەشێک لە کۆمەڵگەی پزیشکی، کە جگە لە پووڵ و سەروەت بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە، خەریکی بازرگانی نامرۆڤانەی فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەن

کاتێک دەرفەتی خوێندنی یەکسان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بوونی نییە، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە خوێندن بێبەشبوون گەیشتووەتە یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاریی و بێبەشیی زۆربەی هەرەزۆری خەڵک. لەئەنجامی ئەم دۆخی بێبەشبوون لە خوێندنە، ملیۆنان منداڵ و تازەلاو ڕەوانەی شەقام و ناوەندە بێبەزەییەکانی کار دەبن و بەشێکیشیان نازانرێت چارەنووسیان چی بەسەر دێت. کاریگەرییەکانی هەژاری لەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵکی بێبەشیش ڕوون و ئاشکرایە. سیستەمی قازانج پەرستی سەرمایەداری بەردەوام ویستوویەتی حەقدەستێکی کەم بدات بە کرێکاران و هیچ کاتێکی بەتاڵیان بۆ نەهێڵێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە سەرمایەداران دەیانهەوێت کرێکاران هەژار و دەستکورت ڕابگرن و ڕێگری بکەن لە زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن، بریتییە لە بێبەشکردنی کرێکاران لە کاتی بەتاڵ و خەریکبوون بە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی.

ئاگاداربوون لە هەموو ئەم ئاکامە کارەساتبارانە، ئەوەمان پێدەڵێت کە نابێت ڕێگە بدەین هەژاری هێرش بکاتە سەر تەندروستی جەستەیی و دەروونیمان و پەروەردە و ئەخلاق و هاوپشتی مرۆڤایەتیمان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهان بەڕێوە دەبات. بەڵام تەرخانکردنی بودجەی زۆر و زەوەند بۆ پڕۆژە گەلێکی بێ کەڵک، دزی، بودجەی لەڕادەبەدەری ناوەندە ئایینییەکان و سپای پاسداران و دەزگا سیخوڕییەکان، بودجەی ڕێکخراو و دام و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی خوڕافات، بودجەی کردەوە تیرۆریستییەکانی دەرەوەی سنوورەکان، هاوکات لەگەڵ سروشتی سەرمایەدارانە و چەوسێنەرانەی، بووەتە هۆی هەژاری ٧٠ لەسەدی کرێکاران و زەحمەتکێشان. لۆژیکی سەرمایەداری ئەوەیە کە کرێکار ئەوەندە هەژار بێت کە نەتوانێت کاتی بەتاڵی هەبێت و ئەوەندەش هەژار نەبێت کە نەتوانێت لانیکەمی بژێوی خۆی دابین بکات و درێژە بە مانەوەی بدات. ئەم ڕاستییە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر ڕوون و ئاشکراتر دەبینرێت. بەڵام خۆشبەختانە لە ئێران خەڵک بەرامبەر بەم هەژاریی و تاڵان و بڕۆیە بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبوون. ئاخێزەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ لەلایەن خەڵکی هەژار و بێبەشەوە بەڕێوەچوون. ئەوان سەرلەنوێ لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١-١٤٠٢ بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی" هاتنەوە مەیدان، ئەمجارەیان خەبات لە دژی هەژاریی، گرێدرا بە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی دیکەی وەک ستەمکاری، ئایین و پیاوسالارییەوە. ستەم و سەرەڕۆیی، هەڵاوسان و گرانی، بێکاری دە ملیۆنی، برسێتی و هەژاری و کەلێنی قووڵی چینایەتی، تەنگی بە ژیانی جەماوەری ستەملێکراوی کۆمەڵگا هەڵچنیوە. بێ گومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵانی خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران کە ٤٤ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە چەوسێنەر و تاوانکارەدا، لەپێناو باشترکردنی دۆخی کار و گوزەرانی خۆیاندا خەبات دەکەن، لەم هەلومەرجەشدا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. کرێکاران و خەڵکی ئازارچێشتوو، کە هەژاریی و بێبەشیی ژیانی لێ تاڵ کردوون، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆزەخەی کە ڕێژیمی سەرمایەداری ئیسلامی خوڵقاندویەتی، هیچ ڕێگە چارەیەکی تریان نییە جگە لەوەی کە دەبێ قۆڵی هیمەتی لێ هەڵبماڵن و بەبێ ترس لە سەرکوت و گرتن، شێلگیرانەتر و لێبڕاوانەتر لە هەمیشە خەباتی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا لە دژی سەبەبکارانی ئەو هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییە بەرەوپێش ببەن

****

# قەیرانی بیمەی کۆمەڵایەتی و سندوقەکانی خانەنشینی لە ئێران

ناڕەزایەتی خانەنشینان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دوای وەستانێکی کورت لە ماوەی شەڕی ١٢ ڕۆژە و یەک دوو هەفتە دوای ئەو شەڕە، کە کۆمەڵگا لە شۆکی ئەو شەڕە هاتەدەر، سەرلەنوێ دەستی پێکردۆتەوە. کەمتەرخەمی بەرپرسانی دەوڵەت سەبارەت بە داواکارییە ڕەواکانی خانەنشینان هەروا بەردەوامە و لە ڕاستیدا پشتگوێ دەخرێن. بەم هۆیەوە دروشمی خانەنشینان چوارچێوەی داواکارییە پیشەییەکان تێدەپەڕێنێ و لە کۆڕ و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکاندا دروشمی دژ بە سزای لەسێدارەدان و ئازادی زیندانیانی سیاسی و کۆمەڵێک داواکاری گشتی دیموکراتیکی تریش بە داواکارییە تایبەتەکانی خانەنشینان زیاد دەبێت. بیمەی کۆمەڵایەتی و لەوانە مووچەی خانەنشینی، لە زومرەی پایەی بنەڕەتییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتییە لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە یارمەتی چین و توێژە لاوازەکان، بەتایبەتی کرێکاران و هەژاران دەدەن. نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی نەک هەر کاریگەری لەسەر داهات و بژێوی کرێکاران هەیە، بەڵکوو دەستراگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکان سنووردار دەکات. ئەم دۆخە بووەتە هۆی زیادبوونی کێشە تەندروستییەکان و دابەزینی کوالیتی ژیانی کرێکاران لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی، زۆرێک لە کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەکوو کار و پیشەی نافەرمی، تۆمار نەبوون لە سیستەمی بیمە و یان بێکاری، لە پاڵپشتییە بیمەییەکان بێبەشن. بێبەشبوونی ئەم توێژە لە ئیمکاناتی بیمە، دەبێتە هۆی نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەوان لە کۆمەڵگادا. بێکاری و هەژاری و نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تاوانکاری و ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا. بەڵام ئێستا قسە لەسەر توێژێکی کۆمەڵگا دەکەین کە بە ڕواڵەت سندوقەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. سیستەمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی کەمی سەرچاوەی دارایی و بێتوانایی لە دابینکردنی داواکاری و ئیفلاسی سندوقەکانی بیمە و خانەنشینی، بووەتە قەیرانێکی جددی. ئەم دۆخە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کرێکاران و چینە لاوازەکانی لەگەڵ مەترسییەکی جددی بەرەوڕوو کردۆتەوە. چاوخشاندنێک بەسەر هۆکار و سەرچاوەی ئەو قەیرانە، ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی ئەو کێشەیە ئاشکرا دەکات کە خانەنشینان وەک بەشێک لە بیمەکراوان، هەموو هەفتەیەک بەهۆیەوە دێنە سەر شەقامەکان

سیستەمی بیمەی ئێران بەگشتی لە ١٧ سندوقی خانەنشینی پێکهاتووە کە چوار سندوقی سەرەکی و سێزدە سندوقی تایبەت و پیشەیی لەخۆ دەگرێت. سندوقە سەرەکییەکان بریتین لە: ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە خاوەنی گەورەترین سندوقە و نزیکەی ٤٦ ملیۆن کەس لەژێر چاودێری ئەو سندوقەدان، سندوقی خانەنشینی جوتیاران، سندوقی بیمەی کۆمەڵایەتی جووتیاران و گوندنشینان و عەشایرەکان و هەروەها سندوقی ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هێزە چەکدارەکان. لەم نێوەندەدا ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی سندوقەکانی دیکەوە، بەپێی یاسا و ڕێساکەی، وابەستەی بودجەی گشتی نییە و داهاتەکەی لە حەقی بیمە دابینەکرێت. میکانیزمی پێدانی حەقی بیمە بەم شێوەیەیە: ٧ لەسەدی لەلایەن موچەخۆران، ٢٠ لەسەدی لەلایەن خاوەنکار و ٣ لەسەدیش لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت. بەڵام بەگوێرەی سەرچاوە حکومییەکان نزیکەی ٤٠ ساڵە دەوڵەت پشکی خۆی بەو سندوقە نەداوە. هەروەها هەندێک لە خاوەنکاران، لەوانە سپای پاسداران وەک گەورەترین خاوەنکار لە ئێران، بە هەزار فێڵ و فریو خۆیان لە پێدانی پشکەکەیان دەدزنەوە یان بە نیوە و ناتەواوی دەیدەن بەڵام ڕۆڵی دەوڵەت لە ئیفلاس پێهێنانی سندوقەکان هەر بەوەوە کۆتایی نایەت. دەوڵەت و سپای پاسداران لەبری ئەوەی پشکی خۆیان بدەن، پشکی کۆمپانیا و کارگە زەرەرمەندەکان بەو سندوقانە دەفرۆشن. هەربۆیە لەڕاستیدا بەشێک لە سەرمایەی سندوقەکانی بیمە لەپێناو قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەو کۆمپانیایانەدا بەکاردەهێنرێت کە خۆیان لە لێواری ئیفلاسدان. قەیرانی سندوقەکانی خانەنشینی و بیمە قووڵ و فرە ڕەهەندە. ئەم قەیرانە ڕەگ و ڕیشەی لە دەیان ساڵ دزی و گەندەڵی دەوڵەت و خراپ بەڕێوەبردن و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت بەرامبەر بەم سندوقانە و ئیفلاسی ئابووری ئەو کۆمپانیایانەدایە کە ئەم سندوقانە وەبەرهێنانیان تێداکردووە. ئەم قەیرانە نەک هەر هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی ئابووری ملیۆنان کەسی بیمەکراو و خانەنشین، بەڵکوو تەواوی داهاتووی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئێران دەخاتە مەترسییەوە

بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەی کە تادێت زیاتر پەرەدەستێنێ، گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن پێویستن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریانەی کە تێیدا گرفتار بووە، نە دەیەوێت و نە دەتوانێت جێبەجێی بکات. ئەگەر دەوڵەت و سپای پاسداران وەک گەورەترین خاوەنکار، بە پێدانی بەردەوامی پشکی خۆیان بە سندوقەکانی بیمە پابەندبوایەن و ئەو پارەیە بەشێوەی کاش هاتبایەتە ناو ئەو سندوقانە نەک بەشێوەی ڕادەستکردنی پشکی کۆمپانیاکان، ئەگەر سندوقەکانی بیمە و خانەنشینیان لە داوی خاوەندارێتی و بەڕێوەبەرایەتی ناوەندە ئابوورییە زەرەرمەندەکان ڕزگار کردبایە، ئەگەر نوێنەری کرێکاران و خانەنشینان بەشداری بڕیارەکان بوایەن و سەرەنجام ئەگەر ئەو بنەمایەیان قبوڵ کردبایە کە سندوقەکانی بیمە، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتین نەک کۆمپانیای بەدەستهێنانی قازانج، ئەوا دەکرا بیر لە ئەگەری کەمکردنەوە یان چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بکرێتەوە. بەڵام قەیرانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ئێران بەشێکە لە قەیرانێکی قووڵتر و فرە ڕەهەندی کە چارەسەرەکەی تەنیا بە نەمانی ئەم ڕژیمە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران، مومکین دەبێت

****

# بۆئەوەی ژن نەکوژرێت،

# تکایە بێدەنگیان بکەن



هەواڵەکانی کوشتنی ژنان لە کوردستان لە زیادبووندایە. ئەوەی جێگەی مەترسییە بێباکی و بێخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکانە، تەنانەت لە بڵاوکردنەوەی ئاماری قوربانیدانەکانیشدا سڵ دەکەنەوە و بەڕاستی ئەو ئامارانە ناخەنەڕوو.

بیانووەکان بۆ کوشتنی ژنان زۆرن کارگەیشتۆتە ئەوەی کوشتن لەژێر پەردەی پاراستنی شەرەف نەماوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا لە پێناو ئەوەی ژنێك نایەوێت شەرەفی لەکەدار بکرێت دەکوژرێت، کوشتنی دووخوشکی پزیشك لەگەڵ دایك و باوکیان بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە کوردستان بۆتە مۆڵگەی پیاو کوژان کە بە ئارەزووی خۆیان بەناو شەقامەکاندا پیاسە دەکەن، بە بیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست ئازاد دەکرێن و بە بەرچاوی کەسوکاری قوربانییەکانەوە دێن و دەچن، گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

پاڵنەرەکانی پشتی کوشتنی ژنان ئەگەر جارێك ناحاڵیی بوون و تێنەگەیشتن و ئەقڵی چەقبەستووی زۆرینەی پیاوانی کۆمەڵگە بێت، چەندینجار بەهۆکاری وتار و هاتوو هاواری هەندێك لە پیاوانی ئاینییەوەیە، کە بەردەوام مینبەرەکانیان کردۆتە باسی ژن و شەرەف و ئەو ئەخلاقەی ئەوان پێوەریان بۆ داناوە. بەوەشەوە ناوەستن مینبەرەکانیان گواستووەتەوە بۆ نێو سۆشیال میدیا و ماف بەخۆیان دەدەن دەست ببەن بۆ تەواوی ژیانی ژن و بەئاشکرا کۆت و بەندیان کردووەتە دەم و دەست و چاو و بیرکردنەوەی ژنانەوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە بەشداریکردنی پیاوان و گەنجان لەناو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا بە ئاڕاستەیەکە کە بیریان چووەتەوە ژن دایك و خوشك و هاوسەریانە، ژنانێکیش کە بوونەتە زمانحاڵی بەناو مەلاو ئەو پیاوە ئاینییانەی تەنها باسی ژن و شەرەف دەزانن، هێنانی ژنی دووەم و زیاتر بۆتە بەشێکی باسەکانیان و دواجار لێکەوتەی لەم جۆرە کوشتنانەی لێدەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر ژیانی خۆشیان سەیر بکەیت پڕیەتی لە نایەکسانی و ناڕوونی و چەواشەکاریی بەئاشکرا لە چاوپێکەوتنەکانی خۆیاندا ئەوە باس دەکەن، خۆیان نایانەوێت ژنی دووەم بهێنن، بەڵام لە وتارەکانیاندا هانی پیاوان دەدەن بۆئەوەی ژنی دووەم و زیاتر بهێنن، بەمەش خێزانەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێننەوە، لەجیاتی تەبایی و یەکڕیزیی خێزان دەبینین توندوتیژیی و لێدان و جیابوونەوە و تەڵاق و دواجار سەرکێشا بۆ کوشتنی لێکەوتەوە، لەبارەی منداڵ و داهاتوو و ژیانیان هەرباس ناکرێن

پاڵنەرەکانی پشت کوشتنی ژنان، ئەگەر جارێك ناحاڵیی بوون و ئەقڵی چەقبەستووی زۆرینەی پیاوانی کۆمەڵگە بێت، چەندینجار بە هۆکاری وتاری هەندێك لە پیاوانی ئاینییە

من دەمەوێت لێرەوە ئەوە بپرسم ئایا مینبەری مزگەوت و کامێراکان و سۆشیال میدیا تەنها بۆ ئەوە کراوە هانی توندوتیژیی پێبدرێت؟ یان تەوەری قسەکردنەکانتان تەنها لە دەوری ژن بخولێتەوە؟ ئەی بۆ کەسێکتان بوێریی ئەوەتان نییە لەسەر هەموو ئەو نایەکسانییانەی دیکە قسە بکەن کە پەیوەندییان بە قوتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتەوە هەیە؟ ڕۆژانی دواکەوتنی مووچە و خواردنی مافی مووچەخۆران کەس ناتوانێت ناڕازیی بێت و کام پیاوی ئاینیی بوێریی ئەوەی تێدایە کە پەنجە بخاتە سەر برینی جەستەی ئەم نیشتمانە کە ڕۆژانە بۆردومان دەکرێت و سنوری هەرێم دەبەزێنرێت و خاك و گوند و ڕەزی دەسوتێت، کەچی هیچ کام لەمانە ناوێرن هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت، تا ئێرە و بەس پێویستە سنور دابنرێت بۆ وتار و لێدوان و تەواوی ئەو بڵاوکراوە و گرتە ڤیدیۆییانەی لەنێو سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەژێر پەردەی ئیسلام و بەناوە جۆراو جۆرەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان دەکەن بەناو هزری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. پێویستە داواکاری گشتی لەسەر ئەوە بێدەنگ نەبێت و مەرجەکانی وتاردان و قسەکردن لە سۆشیال میدیا سنوردار بکات یان کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بتوانن بە مۆڵەت و ڕێگەپێدانی وەزارەتی ئەوقاف وتارەکانیان پێشکەش بکەن، هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەی خێزانەکان بە ئارامی بژین دوور لەهەر جۆرە توندوتیژییەک و ژنان بتوانن بە ئارامی لەناو ماڵەکانیاندا ببنە دایك و خێزان و خوشکێکی تەندروست و سەرکەوتوو

****

# ڕۆژی جیهانی لاوان:
## چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی لاوانی ئێران




ڕۆژی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩، کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٢ی ئاگۆست بەرامبەر بە ٢١ی گەلاوێژی وەک ڕۆژی جیهانی لاوان ڕاگەیاند. ئەگەرچی بۆنەیەکی لەو چەشنە تا ئێستا گرێیەکی لە کێشە و گرفتەکانی لاوان بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری نەکردۆتەوە، بەڵام لانیکەم دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە کێشەکانی لاوان لە وڵاتێکی وەک ئێران. کۆمەڵگای ئێران بەشێوەیەکی ڕێژەیی خاوەنی زۆرترین دانیشتوانی لاوە لە ئاستی جیهاندا. بەجۆرێک کە لاوانی تەمەن ١٥ بۆ ٣٠ ساڵ نزیکەی ٣٦ ملیۆن لە کۆی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن. لەم نێوەندەدا نزیکەی ١٤ میلیۆن کەس لە دانیشتوانی ئێران خوێندنی زانکۆیان هەیە و ئەڵبەت ئەم توێژە لە کۆمەڵگای ئێران هەر بەم ڕێژەیەش زۆرترین بێبەشی و زیانی کۆمەڵایەتی بەرکەوتووە

یەکێک لە گرینگترین ئاستەنگەکانی بەردەم لاوانی ئێران، بریتییە لە بێکاریی بەربڵاو، بە تایبەت لە نێو دەرچووانی زانکۆدا. سەرەڕای سەرمایەگوزاری زۆری بنەماڵەکان لەسەر خوێندن و پەروەردەی منداڵەکانیان، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەرچووانی زانکۆ لەگەڵ بازاڕێکی کارێکی نەگونجاو و هەلی کاری سنووردار بەرەوڕوو دەبنەوە. بە پێی ئامارە نیمچە فەرمییەکان، ڕێژەی بێکاری لە نێو لاوانی خوێندەوار لە ئێران گەیشتووەتە زیاتر لە ٥٠ لەسەد. ئەگەر تا دوێنێ بنەماڵەکان پێیان وابوو منداڵەکانیان دەنێرن بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کارێکی گونجاو بدۆزنەوە، ئەمڕۆ دەبینن نەک هەر ئەم ئامانجە بەدی نەهاتووە، بەڵکوو خوێندنی زانکۆ بۆتە کێشە بۆ گەنجەکانیان لە دۆزینەوەی کاردا. ئەو لاوانەی کە بە هەزار هیوا و ئاواتەوە دوای تێپەڕاندنی دەیان کۆسپ و تەگەرەی کە ڕژیم و یان هەژاری زۆری مادی خستوویەتە سەر ڕێیان، سەرەنجام توانیویانە مەدرەکی خوێندنی دواناوەندی، هونەرستان و یان زانکۆ بە دەست بێنن، دوو ساڵی تەمەنیشیان لە دەورەی سەربازیی بۆ ڕژیم تێپەڕ بکەن، دیسانیش هیوایەکیان بە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ مەدرەکەکەیان نییە و وا هەست دەکەن کە هەموو ئاوات و ئارەزووەکانیان بە فیڕۆ چووە. حاڵ و ڕۆژی ئەو لاوانەی کە هەر بەم هۆکاری بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆیە، خۆیان بە سەرباری بنەماڵە دەبینن و تەنانەت توانایی دابینکردنی تێچووی زەماوەند و پێکهێنانی بنەماڵەشیان نییە، گەنجێک کە نە لە خۆشی و حەماسەتی گەنجی بەهرەمەند دەبێت و نە دەرفەتی گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانی بەدەست دەهێنێت، سەیر نییە ئەگەر تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەروونی بێت یان بکەوێتە بەر مەترسی زیانە کۆمەڵایەتییە ئازاربەخشەکان و لەوانە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەش بکرێتەوە کە ئەگەرچی لاوانی ئێران بە هۆی دەسەڵاتی ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دژە ئازادییەوە، خاوەن کێشە و گرفتی هاوبەشن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سەر بە چین و توێژی جیاوازن، ڕەنج و مەینەتییەکانیان یەکسان نییە. ئاشکرایە کە گرفتی لاوانی سەر بە چینی کرێکار لەگەڵ ئەو لاوانەی کە چەتری پشتیوانی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندیان لەسەرە جیاوازە. بەڵام گەنجێک کە بەهرەکانی لەلایەن دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستەوە بەدیل گیراوە، گەنجێک کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی لە قوتابخانە و ئامادەیی و زانکۆ لە ژێر فشاری خوێندنی دژە زانستی و کۆنەپەرستانەدا بەسەر بردووە، گەنجێک کە تەنانەت ئازادی هەڵبژاردنی جلوبەرگیشی لێ زەوت کراوە، گەنجێک کە بەهۆی بچووکترین ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سەختی و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زیندانی و ئەشکەنجە دەکرێت، ئازاری هەموو ئەم گەنجانە لەگەڵ گەنجانی سەر بە چینی کرێکار و زەحمەتکێش هاوبەشە و ڕزگاربوونیان لەم بارودۆخە نامرۆڤانە، لە ڕێگەی هاوپشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار مسۆگەر دەبێت

بەڵام ژیانی لاوانی ئێران بەبێ جەختکردنەوە لەسەر واقیعێکی ئومێدبەخش کە لەپەنای هەموو ئەو سەختی و نەهامەتیانەدا بەرچاو دەکەوێت، بە تەواوی وێنا ناکرێت. ڕێژیمی ئیسلامی بۆ زاڵبوون بەسەر جەستە و دەروونی لاواندا گەلێک پلان و پڕۆژەی جێبەجێ کرد، بەڵام هەموو ئەم پڕۆژانە لە بەرامبەر شەپۆلی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا بوونە بڵقی سەرئاو. لە ڕاستیدا لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لەم بوارەدا بەفیڕۆچووە. لەمڕووەوە ئەم ڕێژیمە بەردەوام خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو گەنجانەی کە لە قوتابخانە و ئامادەییدا نەیتوانیوە بە پێی ویستی خۆی، دواکەوتوو و لاواز و بێ ئیرادە پەروەردەیان بکات. بەشێکی زۆر لە لاوانی ئێران، هەرچەندە بێکارن و لە سەرەتاییترین دەرفەتەکان بۆ بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی سروشتی سەردەمی لاویی بێبەشن، بەڵام لە ئاست ئەو دۆخەدا بەچۆکدا نەهاتوون و ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە دژی ئەم ڕژێمەیان گرتۆتە بەر. ئەوان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەنگاری ئەو دۆخە بوونەتەوە و ڕێگەی نوێ بۆ دەربڕینی ویست و داواکارییەکانیان دەدۆزنەوە. ئەم خۆڕاگرییە نەک هەر لە ناڕەزایەتی سەر شەقامەکاندا، بەڵکوو لە فەرهەنگ، هونەر، ئەدەب و تەنانەت شێوازی ژیانی ڕۆژانەشیاندا بە ئاشکرا دەبینرێت

خۆڕاگریی لاوانی ئێران لە ئاخێزی "ژن، ژیان، ئازادی" پاییزی ساڵی ١٤٠١دا گەیشتە لوتکە، ئەم ئاخێزە نیشانی دا کە جیلی گەنجی ئێران، ئەو دۆخەی ئێستا قبووڵ ناکات. گەنجان و تازەلاوان لە سەرانسەری وڵات بەوپەڕی بوێری و فیداکارییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی بوون. ئەم ئاخێزە دەریخست کە لاوانی ئێران خاوەن پۆتانسیێلێکی شاراوە و توانایەکی کۆمەڵایەتی بەرزن بۆ گۆڕانکاری. واقیعییەت ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و سەرکوتکردنە، ڕۆحی خۆڕاگریی لە نێو لاوانی ئێراندا هێشتا زیندووە. ئەوان ملیان بەو شێوازە ژیانە نەداوە کە کۆماری ئیسلامی بەسەریاندا دەسەپێنێت و پاشەکشەیان بە فەرهەنگی زاڵ کردووە. گەنجان لە فەزای مەجازی، لە زانکۆکان، گەڕەکەکان و تەنانەت لەناو بنەماڵەکاندا، بە شێوازی داهێنەرانە و جۆراوجۆر خەریکی گۆڕینی فەرهەنگی کۆمەڵگان

****

# پێگەی ڕەخنە لە سینەمای کوردید

ن : سەلام قادری




لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا سینەمای کوردی گەشەی بەرچاوی کردووە و بووە بە ئامرازێکی ڕۆشنبیری بەهێز و چاوانگەیەکی پێشکەش بە شوناس و مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد زیاد کردووە. لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی یەڵماز گۆنەی و بەهمەن قوبادییەوە تا بەرهەمەکانی ئەم دواییە لە باشوور، باکوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، سینەماکارانی کورد بە هەموو کەم و کووڕییەکانیانەوە ژیانی ئەو کۆمەڵگایەیان بە چیرۆک کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەم گەشەسەندنە سینەماییە، گوتاری ڕەخنەیی هێشتا ونە

"دیمەنێکی سینەمایی بەبێ ڕەخنەگر"

ڕەخنەی فیلم زیاترە لە حوکمدان لەسەر کوالێتی؛ بەڵکوو گفتوگۆیەکی کولتووریی، جوانی ناسانە و کۆمەڵناسانەیە. لە زۆربەی سینەما جیها نییە کا ند ا ڕەخنەگران ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دارشتنی گێڕانەوەکان و ڕێنماییکردنی بینەر و لێپرسینەوە لە سینەماکاران بە پێوەرە هونەری و ئەخلاقییە باڵاکان. بەڵام لە سینەمای کوردیدا ژێرخانی ڕەخنەگرانە- گۆڤار، ڕەخنەگری پسپۆر، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، گفتوگۆی گشتی- تا ڕادەیەک پەراوێزخراوە. ئەم نەبوونی ڕەخنەیە بۆشاییەک لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و باشترکردنی فیلمەکاندا بە جێدە هێڵێت

هۆکارەکانی پشت ئەم بۆشاییە ئاڵۆزن. لەڕووی مێژووییەوە دەنگی کورد- چ هونەری، ڕۆژنامەوانی، یان ئەکادیمی- بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە سەرکوت کراون کە کورد لە ژێر دەستیاندا دەژی. ئەم سەرکوتکردنە گەشەسەندنی ئەو دامەزراوانەی وەستاندووە کە ڕەنگە ڕەخنەی فیلم پەروەردە بکەن، وەک زانکۆکان کە بەشی فیلمیان هەیە، پلاتفۆرمی میدیایی کە سەربەخۆیی کولتوورییان هەیە، یان فێستیڤاڵەکان کە پانێلی شیکاری سینەماییان هەیە جگە لەوەش سینەمای کوردی خۆی لە ژێر دەربەدەری و سانسۆر و شەڕ و ئاوارەبووندا سەریهەڵدا. لەم جۆرە دۆخەدا، ئامانجی سەرەکی فیلمسازی زۆرجار مانەوە و بەرەنگاربوونەوە بووە- نەک شیکاری یان ڕەخنە. فیلمەکان لەسەر بنەمای بوێری خۆیان حوکم دەدرێن نەک پیشەی سینەمایی خۆیان

"ڕۆمانسیزەکردنی نەتەوە" ئاستەنگییەکی ترە، زۆر جار تەماشاکردنی فیلمە کوردییەکان تەنیا لە چاویلکەی ناسیۆنالیزم یان بەرخۆدانەوە بووە. لە کاتێکدا ئەمانە بابەتگەلێکی گرنگن، بەڵام دەبوایە سێبەری هەڵسەنگاندنی هونەری و تەکنیکی زاڵ بایە بە سەر چۆنیەتی نواندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا. فیلمێک کە باس لە ئازار یان خۆڕاگری کورد بکات، زۆرجار لە چاوی زۆرێک لە بینەرەکاندا لە دەرەوەی ڕەخنەیە. ئەم ڕۆمانسیزمە، بازنگەیەکی پیرۆز لە دەوری سینەماکاران دروست دەکات کە دەتوانێت ڕەخنەی ڕاستەقینە بێهیوا بکات

"کولتوورێکی ستایشکردن نەک نرخێنەرانە"

لە زۆر شوێنی کایەی ڕووناکبیری کوردیدا کولتوری پیاهەڵدان ئامادەیە، ئافرێنەران بەبێ ئەوەی ڕەخنە لە بەرهەمەکانیان بگیردرێت ئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێت. ئەمە لە ئاستێکدایە کە ڕەنگە ڕەخنەگران ترسیان لە کاردانەوەی فیلمساز و هۆگرانی یان تۆمەتبار بوون بێت بە خیانەت. ئەنجامەکەی ژینگەی سینەمای کوردی ژینگەیەکە کە فیلمەکان یان پشتگوێ دەخرێن یان بەبێ ڕەخنە ستایش دەکرێن- بە دەگمەن شیکاریەکی نرخێنەرانەیان بۆ دەکرێت. ئەمەش، پەرەسەندنی هەردوو سینەماکار و بینەر لاواز دەکات

«ڕەخنە وەکوو شیری دایک وەزە بەخشە بۆ سینە ما»

بۆ ئەوەی سینەمای کوردی زیاتر لە مانەوە گەشە بکات، دەبێت خۆی بەڕووی ڕەخنەی ناوخۆییدا بکاتەوە. ڕەخنەگران و زانایان و نووسەرانی فیلمی کورد- دەبێت پسپۆڕانە و لە ڕوانگەیەکی هونەری و کۆمەڵایەتییەوە دەست بکەن بە بنیاتنانی گوتارێک کە هاوسەنگی لە دەرخستنی بەهاکان و بەرۆک پێگرتن بۆ کەمایەسییەکان لە لێکۆڵینەوەدا هاوسەنگ بکات. فێستیڤاڵە سینەماییە کوردییە تا زە پێگە یشتووەکان، بەشە ئەکادیمییەکان و گۆڤارە کولتوورییەکان و میدیاکان بەرپرسیارن لە پەروەردەکردنی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە. هەروەها پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان و سۆشیال میدیا دەتوانن وەک فەزای دیموکراسی بۆ گفتوگۆی فیلم بێت ئەگەر بە وریاییەوە پەروەردە بکرێن

«دوا وتە»

دواجار ئەگەر گەیەشتینە ئەوەی کە دیالۆگی ڕەخنەیی مەترسی نییە بۆ سەر هونەری کوردی بەڵکوو لە ڕێگەی نرخاندنیەوە ناسێنەری بەها هونەری و کۆمەڵایەتییەکانیەتی، ئەوجار هەوڵ دەدەین کە پێش لەوەی فیلم دروست بکەین لە خۆمان ڕوون بێت کە فیلم بۆ کێ دروست دەکەین و بنەما جوانی ناسانەو و کۆمەڵایەتییەکانی فیلمەکەمان چۆن بونیات دەنێین. هەر وەها لە باری ئەرێنی ڕەخنە بۆ سینەما تێدەگەین و وەکوو فیلم ساز تووشی ڕەخنە-فۆبیایی نابین. ئەگەر فیلمساز دڵنیا بوو ئەو ستاندارده هونەریانە کە دەبێت لە فیلمێکی سینەماییدا هەبێت لە فیلمەکەیدا ئامادەیی هەیە، ئەو کات ناترسێت لە ڕەخنە چونکە دڵنیایە بە واتای نەرێنی ناکەوێتە بەر تێغی ئینکاری ڕەخنەگر، یان ڕەخنەگرانەوە، بەڵکوو فیلمەکەی وەکوو بابەتێک کە هەڵسەنگاندن هەڵدەگرێت خۆی دەبێتە بزوێنەری بەستێنێکی ڕەخنەیی کە لە درێژەی فیلمەکەدا کەش و هەوایەک بۆ تێگەیاندن و پەروەردەی جوانی ناسی و ئەندێشەیی دروست دەکات و دواجار ئەندێشە و بەرهەمی سینەماکار زیاتر و قووڵتر دەناسێندرێت

❊❊❊❊




قەیرانێکی ئابوری ریشەیی سەرتاپێی کۆمەڵگای ئێرانی داگرتۆە و هیچ رێگاچارەیکیش بۆ چارەسەر کردن و یان تەنانەت بۆ هێور کردنەوی لە چواچێوەی ئەو نیزامەدا لە ئاسۆ دانییە. ئەرزشی پووڵی ئێران گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی. داهاتی فرۆشی نەوت کە سەرەکیترین سەرچاوەی دابین کردنی بوودجەی ڕژیمی ئێرانە، لە ژێر زەختی ەوڵەتی ئامریکا دا یەکجار کەم بۆتەوە و لە راستیدا نەوتی ئێران لە بازاری جیهانیدا نافرۆشرێ بەڵکو تالان دەکرێت. سەدان کارخانە و ناوەندی بەرهەمهێنان وەرشەکەست بون و یان خەرێکە وەرشکەست دەبن. رێژەی بێکاری بەخێراییەکی زۆر رو لە زیاد بونە. پێداویستیەکانی ژیانی خەڵك، لە مەسکەنەوە بگرە تا خۆرد و خۆراکی ڕۆژانە و باقیی پێداویستیە سەرەکیەکانی تر، بە خێراییەکی سەرسوورڕهێنەر گران دەبن. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری تا ڕادەیەك کۆنە و پرتووکاون کە ناکرێ نۆژەن بکرێنەوە. تەنانەت ئەگەر کەرەستە پێویستیش بۆ نۆژنکردنەوە پەیدا بێت، تەعمیر کردنیان لە روی ئابوریەوە بە سەرفە نییە. سەرمایەدارانی ئێرانی تەنانەت ئەوانەی وا گەمارۆکانیشیان وەبەر ناکەوێ، حازر نین سەدان ملیارد دۆلار لەو سەرمایە کەڵانەی کە لە ڕێگەی هەنارده کردنی بەرهەمەکانی پێترۆشیمی و بەرهەمە غەیرە نەوتیەکان بەدەستیان هێناوە، بۆ ئێرانی بگەڕێننەوە. ئەوان ئەو سەرمایەیەیان لە بانکەکانی دەرەوەی خەواندووە و یان لە دەرەوەی ئێران بازرگانیی پێدەکەن. زانکۆکان و ناوەندەکانی بارهێنانی هێزی پسپۆڕ، کە بناغەکانی ستراتێژیکی گەشەی ئابووریی سەرمایەدارین، لە زانست و شارەزایی بەتاڵ کراون. لە وەها بارووددۆخێکدا تەنانەت ئەگەر گەمارۆ نێودەوڵەتیەکانیش لەسەر ئێران لاچێت، بۆرۆکراسیی دەوڵەتی و گەندەڵیی ماڵی و ئیداری وەها تار و پۆی ئەم ڕژیمەی تەنیوە کە هەموو جۆر پڕۆژەیەك بۆ باشتر کردنی ئەم بارووددۆخە، لە خۆیدا نوقم دەکات و دەیکاتە هاوڕەنگی خۆی. ئەوەش بەو مانایەیە کە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکان لەسەر ئێران نەمێنن، کۆماری ئیسلامی سیستمێکی بەهێز و کارامەی نییە کە بتوانێ داهاتەکان بکاتە ئامرازێك بۆ تێپەڕاندنی قەیران. سیستەمی ئابووریی ئێران لە نێوان دوو سیستەمی ئابووریی بازاڕ و ئابووریی دەوڵەتی دا دابەش کراوە. سپای پاسداران وەك دەوڵەتێك کە بەشێکی زۆری لە بۆنگا ئابووری و ماڵییەکان لە کۆنترۆڵ دایە، ولامی دەوڵەتی ڕەسمی ناداتەوە. ئەم دووبەرەکایەتیە و ناتەباییە، بەردەوام پەرەی بە توندبوونەوەی ئەم بارووددۆخە قەیراناویەی ئێران داوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە زومرەی ئەو ڕژیمانەیە کە بە هۆکاری سیاسی و ئیدیئۆلۆژیك و بەهۆی ناتەباییە ناوخۆییەکانی، ناتوانێ ریزەکانی بۆرژوازیی ئێران یەکگرتوو کات، هەربۆیە، وەك دەبینین، کۆمەڵێکی بەرین لە ئۆپۆزیسیۆنی داکۆکیکاری نیزامی سەرمایەداریش لەبەرامبەر ئەم ڕژیمەدا ریزیان بەستۆە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بەقەدەر توانایی خۆی، بۆ لەسەر کار لابردنی ئەم ڕژیمە هەوڵ دەدات. هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە خەباتە کۆمەڵایەتی و ئەو فاکتۆرە سیاسی و ئابووریانەی کە لەسەر بارووددۆخی ئێران کاریگەری دادەنێن، دوورنەمای مانەوەی ڕژیمیان ڕەش و تاریك کردووە، هەوڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەش بۆ شکڵ دان بە ئاڵترناتیوی دڵخوازی خۆیان لە جەرەیان دایە. بەڵام بە چاوخشاندنێك بەسەر بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان، بەڕوونی دەتوانین ئەوە ببینین کە هیچ کام لەو بەشانە لە ئۆپۆزیسیۆن، کە یەکجار لێك بڵاو و ناکۆکیشن، بۆ کۆتایی هێنان بە فەلاکەتی ئابووریی و تەنانەت بۆ دابین کردنی گەشەی ئابووریە دڵخوازەکەشیان، ڕێگا چارەیەکی واقعییان نییە. ڕێگا چارەی ئەم هێزانە بۆ وڵامدانەوە بە بارووددۆخی ئێستا، ناسراو و تا ڕادەیەکیش جیهانییە. "ڕێگا چارە"ی ئابووریی ئەوان هیچ شتێك نییە بێجگەلە: "سپاردنی ئابووریی وڵات بەدەست بەڕێوەبەرانی تێکنۆکرات"، "ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا"، "لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکەڵ کردنەوەی سەرمایەداریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی"، "بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی ئابووریی نیئۆلیبڕالی پشت بەستوو بە بازاڕی ئازاد لە ناوخۆی وڵات" و لە باشترین حاڵەتیشدا "بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گەندەڵی"یە، کە تەنانەت توانینی ئەوەش بە پێی بەرنامەکانی ئەوان، یەکجار جێگای شك و گومانە. ئەم نۆسخە پێچاندنانە بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداریی ئێران، لە حاڵێکدایە کە هاوشێوەی ئەم ڕێگاچارانە لە زۆربەی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان بەکردەوە دەرهاتوون و تاقی کراونەتەوە و لە کۆتایی دا هیچ بەرەنحامێکیان بێجگەلە درێژەی ئەم بارووددۆخە و پەرەسەندنی هەژاری و نابەرابەریی کۆمەڵایەتیی لێ نەکەوتووەتەوە

لە وەها باروخێکدایە کە ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە سۆسیالیسم تەنیا بەدیلێکە کە دەتوانێ ئاسۆی ڕزگاری بەرەو ڕووی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژار بکاتەوە. بەدیلی سۆسیالیستی لەسەر بنەمایەکی واقع بینانە و لەسەر دەستی کرێکارانێك کە توانیویانە زۆربەی جەماوەری هەژار و ستەملێکراوی ناو کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیان هاوڕێ بکەن، دەستەبەر دەبێت. ئالتێرناتیوی سۆسیالیستی لە مەسیری پێشڕەویی خۆیدا، لە هەنگاوی یەکەمدا کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت. ماشێنی دەوڵەتیی زاڵ وێڕای هەموو ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی تێکدەشکێنێ و دەسەڵاتی شۆرایی جەماوەر دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی شۆرایی بەرینترین ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسی دابین و زەمانەت دەکات. لە ڕێگەی گشتی کردنەوەی خاوەنداریەتیی ئامرازی بەرهەمهێنان، هەموو توانا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بە شێوەی بەرنامە و داڕێژراو دەخاتە کار. بە لەناوبردنی هەستی نامۆیی ئینسان لەگەڵ بەرهەمی کاری خۆی،، داهێنان و توانای ئەو جەماوەرەی، کە ئازادن و بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵن، دەپشکوێنێ. نەك کەڵەکە کردنی قازانج، بەڵکوو دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی بەختەوەر و شایستەی ئینسان دەبێتە ئامانجی بەرهەمهێان. هەربۆیەش پێشکەوتن و گەشەی ئابووریی ڕاستەقینە مەیسەر دەبێت، بەرهەمی کار زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی خەڵك لە ئاستێکی بەرنیدا بە ئامانجی دابین کردنی پێداویستیەکانی مادی و مەعنەوی ئینسانەکان بەرهەم دێت. خەڵك لە ئیمکاناتی یەکسان و فراوان بۆ گەشەی توانا کەسیەکانیان بەهرەمەند دەبن و هێزی داهێنان و توانای تاکەکەسی دەپشکوێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ئازادی و خۆشبژێویی هەر تاکێك مەرجی ئازادی و خۆشبژیویی هەموانە و ئیسانەکان بەرەو قۆناخێکی بەڕاستی ئینسانی هەنگاو هەڵدەگرن

لە نیزامی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی دا، کار لە ئیجبار بۆ پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیانەوە دەبێتە چالاکیەکی خۆبەخشانە کە تەنیا لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە ئەرکەکان و وڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت. تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنە زانستیەکیان لەژێر چنگی کێبەرکێی سەرمایەداری و لە نهێنی خانەکانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی بۆنگا ئابووریەکان، دێنە دەر و وێڕای پێشکەوتنە جیهانیەکانی زانست، خێراییەکی سەرسووڕهێنەر بەخۆدەگرن. کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەگەڵ نابەرابەری و هەڵاواردن لەوانە ستەمی ڕەگەزی و ستەمی نەتەوەیی بێگانە دەبێت. هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەرچاوتەنگیی نەتەوەیی و نەژادی، جێگای خۆی دەدا بە هاوپشتیی ڕاستەقینەی ئینسانەکان. دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك، خەیاڵ پەردازی و شاری ئاواتەکان نییە، بەڵکوو حەرەکەتێکە بە ئاراستەی ڕەوتی گۆڕانکاریە مادیەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هێزی کۆمەڵایەتی و پێداویستیە مادییەکانی وەدی ئەم کۆمەڵگایە ئامادەیە، بەڵام بۆ خێرایی بەخشین بە پرۆسەی دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك، پێویستە قۆڵی لێهەڵماڵین

****

# وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، کارەساتێکی ژینگەیی



وێنە ماهوارەییەکان پیشانی ئەدەن کە دەریاچەی ورمێ بە تەواوی وشک بووە و بەستێنەکەی بۆتە شۆرەکاتێک بە چەندین میلیارد تۆن خوێوە. بەڵام ئەم ڕووداوە سامناکە ژینگەییە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە یاسا چارهەڵنەگرەکانی سروشتەوە و تا چەند شوێن پێی سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێدا دەبیندرێت؟ لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا و بە خێراتر وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، گەلێک توێژینەوەی کارناسانە چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە لایەن ناوەندە ئاکادیمییەکان و زانکۆکانەوە لە ئاستی دنیادا لەم بارەیەوە بەرێوەچووە. ئاڕاستەی گشتی هەموو ئەم توێژینەوانە نیشانی ئەدەن کە هۆکاری سەرەکی لە سەر هەڵدانی ئەم کارەساتە ژینگەییەدا، خەمساردی و نەزانی کاری و گەندەڵی بووە لە سیستەمی ئیداری کۆماری ئیسلامی دا. بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دراون ئەو هۆکارانەی خوارەوە دەورێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لە خێراتر وشکبوونی

دەریاچەی ورمێ

یەکەم، خەمساردی و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردنی کۆماری ئیسلامی. ڕەوتی وشک بوونی دەریاچەی ورمێ لە ٣٠ ساڵ لەوە پێشەوە دەرکەوتبوو. گەلێک لە کارناسان لەم بارەیەوە هۆشدارییان دابوو. بەڵام سەرانی ڕژیم کە بیریان لە هیچ شتێک بێجگە لە مانەوەی خۆیان نەدەکردەوە، ئەم هۆشدارانەیان بە هەند وەنەگرت، تا کار گەیشتە جێگایەک کە دەریاچەکە

بە تەواوی وشکبوو

دووهەم، گرتنە پێشی سیاسەتی پەرەدان بە زەوییە کشتوکاڵیەکان بە ئامانجی زیادکردنی بەرهەم، بەبێ لەبەرچاو گرتنی واقعییەتە زەوی ناسییەکان و کەش و هەوای ناوچەکە. لە حاڵێکدا سەرچاوە ماڵی و داراییەکانی ئێرانیان سەرفی پرۆژەکانی نیزامی و دەخاڵەت لە کانونەکانی قەیرانە ناوچەییەکاندا دەکرد، دەیانویست بە پەرەدان بە کشتوکاڵ بەهەر نرخێک بووە ئەو هەزینانە قەرەبوو بکەنەوە. بە بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە کورتبینانەیە، ئاستی زەوی کەشاوەرزی لەم ناوچەیەدا لە ١٥٠ هەزار هێکتارەوە گەیشتە ٤٥٠ هەزار هێکتار. لە حاڵێکدا پۆتانسێلی کەڵک وەرگرتن لەم زەویانە بەهۆی لەخوارە بوونی ئاستی تێکنولۆژی و شارەزایی، کەمتر لە ٣٥ لەسەدە. وەک نموونە لە وڵاتی هولەند بۆ بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ تەماتە ٤ لیتر ئاو مەسرەف دەکرێت و لە ئێران زیاتر لە

٤٠ لیتر

سێهەم، دروستکردنی بەنداوی ناکارناسانە، کە دەبنە هۆی ئەوەی لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا تەنانەت یەک دڵۆپ لە ئاوی ڕووبارەکان نەگەنە دەریاچەکە. لەسەر ئەو ڕووبارانەی کە دەگەنە دەریاچەی ورمێ،٤٠ بەنداو

دروست کراوە

چوارەم، گەندەڵی ئیداری، بەپێی ئەو ئامارانەی لە لایەن خودی سەرچاوەکانی ڕژیمەوە بڵاو کراونەتەوە لە ئوستانەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وێڕای ئەو چاڵاوانەی کە بە شێوەی ئیجازە پێدراو دروست کراون، ٣٠ هەزار چاڵاوی تریش بەبێ مۆڵەت و لە ڕێگای ڕشوە پێدان و ڕانتخۆری سەرمایەداران و هیترەوە هەڵکەندراون. ئەم چاڵاوانە لە ڕاستیدا شیرەی گیانی دەریاچەکەیان کێشاوە و ئەو کانیاوانەی کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا، بەشێک لە ژیان و حەیاتی ئەو دەریاچەیان پێک هێناوە،

وشک دەکەن

پێنجەم، دروستکردنی گەورە ڕێگای ١٥ کیلۆمیتری لەسەر دەریاچەی ورمێ، بە دەریچەیەکی ٥٠٠ میترییەوە کە ئاوەکانی هەردوو لای جادە تێکەڵ دەکاتەوە، بارودۆخی دەریاچەکەی قەیراناوی تر کردووە. بۆ دروستکردنی ئەم گەورە ڕێگایە کە لە دەورەی شەڕی ئێران و عێراقدا و لە بنەڕەتدا بە ئامانجی نیزامیی دروستکرا، کەڵکیان لە کەرەستەکانی کێوێکی نزیک لە دەریاچەکە وەرگرت کە ئەویش بە نۆبەی خۆی قەیرانەکەی

زیاتر کرد

بەپێی وتەی کارناسانی ژینگەیی لە ئورووپا و لە ئەمریکای باکوور لە بەرامبەر ئەو هۆکارانەی باسیانکراوە، هۆکاری وشکەساڵی و کەمبوونی باران، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پەردەپۆشکردنی بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر وشکبوونی ئەم دەریاچەیەدا لە ئەستۆیانە، گەورە دەکرێتەوە، کە وەدور و نەخشێکی بە تەواوەتی

لاوەکی تری هەبووە

لەگەڵ گشت ئەمانەدا، ئایا ڕزگارکردنی دەریاچەی ورمێ و لە ئاکامدا مەترسییەک کە ژیانی زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس لە خەڵکی ئەم ناوچەیەی خستۆتە ژێر هەڕەشەوە، ئیمکانی هەیە. کارناسان دەڵێن ژیاندنەوەی سەرلەنوێی دەریاچەی ورمێ مومکینە. لەم بارەیەوە پرۆژەی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەندە بەسە کە کۆماری ئیسلامی تەرح و گەڵاڵە دژی خەڵکییە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی کە لە بنەڕەتدا لە خزمەت مانەوەی خۆی و سەرکوتی خەڵکدان، بنێتەلاوە و تێچووە زۆر و زەوەندەکانی ئەم پرۆژانە تەرخان بکات بۆ پرۆژەکانی ڕزگارکردنی دەریاچەی ورمێ. واقعییەت ئەوەیە، بەڵایەکی کە ئەم ڕژیمە بەسەر ژینگەی ئینسانەکانیدا هێناوە، کەمتر نییە لە بەڵایەکی کە لە گشت بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەسەر سەرجەم خەڵکی ئێرانیدا هێناوە. لەمڕووەوە بەهەر ڕادەیەک بە تەمەنی ئەم ڕژیمەوە زیاد بێت. بەرینایی و ئاستی ئەم موسیبەتانەش

زیاتر دەبن

****

# یە کسانی ژن و پیاو لە بە رنامە ی ئێمە دا




لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر کارە، ستەمکێشی ژنانی ئەم کۆمەڵگایە و خەبات لەدژی زۆڵم و نابەرابەری لە پەنا خەباتی کرێکاران بۆ دەستەبەر کردنی مافی سەرەتایی و پێشێلکراویان، بەردەوام ناوەرۆکی کێشەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بووە. حیزب و گرووپە سیاسیەکان و ئەنجومەن و ناوەندە مەدەنیەکان هەوڵیان داوە کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ناوەرۆکی ئەم خەباتە باس بکەن و لەسەر ئەم کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیە بەرینە کاریگەر بن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازیەکان جیدی و چارەنووس سازن. کاتێك کۆمۆنیستەکان باس لە یەکسانی مرۆڤ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەوز و نەژاد و نەتەوە دەکەن، مەبەستیان یەکسانیەکی ڕاستەقینە و کۆمەڵایەتیە نەك بە تەنیا بەرابەر بە یاسا. لە ڕاستیدا یەکسانی یاسایی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا کە تێیدا مرۆڤ هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیەوە لە بارووددۆخ و پێگەیەکی نابەرابەردایە، ناتوانێ یەکسانی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەدا

دەستەبەر بکات

کۆمۆنیستەکان وێڕای دیفاع لە یەکسانی یاسایی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە، بەو نەوعە لە یەکسانیە ڕازی نابن و بۆ دامەزراندنی سیستمێك تێدەکۆشن کە تێیدا ئیمکانات و باروودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی یەکسان بۆ هەموان بخوڵقێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە، یەکسانی یاسایی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و نەژاد و بیروبۆچوون، تەنیا مەرجێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە یەکسانیەکی گشتگیر و هەمە لایەنە

کۆ مە ڵا یە تیە

بە ڕای ئێمە ، ژن و پیاو پێویستە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نەك هەر بە یەکسانی یاسایی بەڵکوو بە یەکسانیەکی ڕاستەقینە گەیشتبێتن و ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەوەڵەن هەموو ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی هەڵاواردنی ژن و پیاو هەڵوەشێتەوە. بۆ نموونە ژنیش وەك پیاو مافی کار کردنی بێت و دەستی بە هەموو شوغڵەکان ڕابگات و لە بنەماڵەشدا واتە لە بوارەکانی وەك هاوسەرگیری و تەڵاق و سەرپەرەستی منداڵان، ژن و پیاو مافێکی یەکسانیان بێت. هەروەها هەموو ئەو مافە تایبەتانەی کە لە ژێر ناوی “سەرپەرشتی بنەماڵە” بە یاسایی بۆ

درێژە لە لاپەڕەی ١٥

درێژە ی لاپەڕەی ١٤

پیاو لەبەرچاو دەگیرێ، دەبێ هەڵوەشێنەوە. پێویستە لە کاروباری سیاسیشدا، ژنان لەهەموو بوارەکاندا هەروەك پیاوان مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانیان هە بێت

دووەمەن، وەك مەرجی پێویست بۆ وەدی هاتنی مافی یەکسان، پێویستە ئیمکاناتی بەرابەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فێرکاری بۆ هەموو ژنان بە مەبەستی پەروەردەکردنی تواناکان و بردنەسەرەوەی ئاستی وشیارییان دابین بکرێت. پێویستە ئەم بارووداۆخ و ئیمکاناتە بۆ ژنان بخوڵقێت تا بتوانن لە بوار ئابووریەوە سەربەخۆ، لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن

بەڵام بۆ ئەوەیکە ئەم ئیمکاناتە بەڕاستی دەستەبەر بێت، پێویستە هەموو کۆسپە کلتووری و ئایینیەکانی سەر ڕێگای گەشەی ژنان لابردرێ. ڕوانگە و بیروبۆچوونی پیاومەزنانە کە پێگەی نزم و ژێر ستەمی ژن پاساو دەکات و ئەم بۆچوونەش هەروەك باسمان کرد تا قووڵایی کۆمەڵگا ڕەخنەی کردووە، پێویستە خەباتێکی بەرین لەدژی وەڕێ کەوێت

سەرەڕای ئەمانە ژنان بەهۆی ئەوەیکە نەخشێکی تایبەتی وەك دایك بوونیان لەسەر شانە، لە سیستمی سەرمایەداریدا لەگەڵ بەربەستی زۆر بەرەوڕوون. لەبەر ئەوەیکە نیزامی سەرمایەداری لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیە و لە بەرامبەر منداڵانی کۆمەڵگادا خۆی بە بەرپرس نازانێت و هەموو ئەرەکەکەی دەخاتە ئەستۆی بنەماڵە.

هەربۆیە زۆرێك لە ژنان بەهۆی هەژاری ماڵی و یان تەنانەت کلتووری لە کاتی بەدنیا هێنانی منداڵ گیانیان لەدەست دەدەن یان تووشی گەلێك نارەحەتی دەبن کە دواتر بەردەوام لەسەر ژیان و تەندرووستیان قورسایی دەکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە زۆربەی ژنان تەنانەت لە بوار درێژەدان بە ژیان و زیندوو بوونیش لەگەڵ پیاوان یەکسان نین. پێویستە کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەور و نەخشی دایکدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و نەیکاتە ئەرکێکی تایبەت بە ژنان و پێویستە بە خوڵقاندنی ئیمکاناتێکی بەرین و خۆڕایی لەبوار تەندرووستی و دەرمانی و کۆمەڵایەتی ئەم بەربەست و ستەمەی کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بەسەر ژن دا دەسەپێت، لەناو بەرێ

سەرەڕای ئەمانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەرکی دایك بوون و پەروەردە کردنی منداڵ، بەربەستی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەخاتە بەر ژنان و وەك کۆسپێك لە بەرامبەر بەشداربوون و گەشەیاندا ڕادەوەستێت. سیستمی سەرمایەداری بەهۆی ئەم ئەرکە سەپێندراوەی ژنان، ئەوان لە زۆرێك لە ماف و ئیمکاناتی کۆمەڵگا بێبەری دەکات. لەم سیستمەدا دایك بوون دەکرێتە بەربەستێك بۆ گەیشتن بە مافی یاسایی و کۆمەڵایەتی ژنان و هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە لە نیزامی چینایەتی و چەوسێنەری سەرمایەداریدا، دایك بوون و پەروەردەکردنی منداڵ بە ئەمرێکی خسووسی لە قەڵەم دەدەرێ. بەڵام ئێمە ئەم مەسەلەیە بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەزانین و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش مافی تایبەت بۆ دایکان و ژنانی دوو گیان دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. پێویستە ژنانی دووگیان بتوانن چ پێش منداڵ بوون و چ دواتری مەرەخەسی تەواویان پێبدرێت بە بێ ئەوەیکە لە حەقدەست و باقی مەزایاکانیان بێ بەری کرێن، لە هەمان کاتیشدا لە ئاست کۆمەڵگادا، لە ئاست شار و شارۆچکە و گەڕەکەکان، باغچەی ساوایان بە قەدەر پێویست درووست کرابێ، تا ژنان بتوانن کۆرپە و منداڵەکانیان چەند ساعەت لە ڕۆژدا بەوان بسپێرن و خۆیان خەریکی ئەرکی کۆمەڵایەتی بن. لە لایەکی دیکەشەوە سەعات کاری ئەو ژنانەی کە کۆرپەیان هەیە، پێویستە بە بێ کەم کردنەوەی حەقدەست لەبەرچاو بگیرێت تا بتوانن لە کاتی خۆیدا شیر بدەنە کۆرپەکەیان. بێ گومان، لەم ڕوانگەیەدا کۆمەڵگا پێویستە لە وەها ئاستێك لە ئیمکانات و خۆش بژێوی بەهرەمەند بێت کە باری تاقەت پڕووکێنی کاری ماڵ لەسەر شانی ژنان لاچێت، و هەر لەم ڕێگەشەوە بەستێنی هەموو ئەو پاساو و بیانوویانەی کە دەوڵەت و سەرمایەداران بەخاتری دایك بوون، ژنان لە مافی یەکسان بێ بەری دەکەن، لە ناوچێت

****

# ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتی، خۆشباوەڕی یان فریوکاری؟

پرسی ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتی جارێکی دیکە لە سەر زاری میر حوسەین موسەوی و ژومارەیەک لە ڕۆشنبیران و هەڵسووڕاوانی سیاسی کە بەشێکیان پێشینەی کاریان لە ئۆرگانە حکومەتییەکاندا هەیە، هاتۆتە گۆڕێ. تا ئێستا دوو لێدوان لەم بابەتەوە بڵاو بۆتەوە، ئەوە یەکەمجار نییە کە ئەم بەناو ڕێگەچارەیە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. ئەو تەرحە لەگەڵ ئەوەدا کە عەمەلی نییە، بەڵام نەفسی هێنانە گۆڕێی کۆمەڵێک زیانی خۆی هەیە

واقعییەت ئەوەیە کە ئەم حەرەکەتە لە ڕاستیدا شتێک نییە بێجگە لە هەوڵدان بۆ داخستنی ڕێگای شۆڕش بەڕووی خەڵکێکدا کە لە دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە وەگیان هاتوون. داڕێژەرانی گەڵاڵەی ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتی خۆیان باشتر لە هەر کەسێکی تر دەزانن کە ئەو بەرپرسانەی کە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیان بە دەستەوەیە، لە هیچ بارودۆخێکدا ڕازی نابن ئەم یارییە بەڕێوەبچێت و لەم ڕێگایانەوە دەسەڵات بەرنادەن. بەڵام بە ئاگاداربوون لەم ڕاستییە، هیوادارن ڕەنگە بە وەها گەڵاڵەگەلێک بتوانن خەڵکی وەگیان هاتوو لە دەستبردن بۆ شۆڕش و تێشکاندنی بناغەکانی ئەم ڕژیمە سارد بکەنەوە

ئەوانەی باس لە گواستنەوەی هێمنانەی دەسەڵات دەکەن، دەبێ پرسیاریان لێ بکرێت مەگەر تا ئێستا چەند جار بە تایبەتی لە ساڵەکانی ١٣٩٦، ١٣٩٨، ١٤٠١ جەماوەری خەڵک بەشێوەی ئاشتیانە نەهاتوونەتە سەر شەقامەکان، کێ ئەوانی سەرکوت کرد؟ کێ بە هەزاران کەسی لەوان زیندانی کرد و کێ ژمارەیەکیانی لە زینداندا و لەژێر ئەشکەنجەدا کوشت؟ کێ مانگرتن و نارەزایەتی ئاشتیانەی کرێکاران ئەداتەبەر هێرش و زەبروزەنگ؟ چ دادگایەک حوکمی شەلاق بۆ ئەو کرێکارانەی کە داوای سەرەتایی ترین مافەکانیان دەکەن دەر دەکات؟ چۆن دەکرێ پێت وابێ ئەوانەی کە لە پرۆسەیەکی ٤٧ ساڵەدا هەموو جومگەکانی ئابووری و سیاسی ئەم کۆمەڵگایەیان لە ئیختیاردا بووە، ئەوانەی کە مافیایەکی گەورەی ئابوورییان لە بەردەستدایە، ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی هەزاران کەس لە کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازانی ئەم کۆمەڵگایە سوورە و بەکورتی ئەوانەی کە بە تاوانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی لە سبەی ڕۆژی ڕوخانیان دادگایی دەکرێن، دڵخوازانە ڕازی بە بەڕێوەچوونی گشت پرسییەک دەبن کە ئامانجی دیاریکردنی شێواز و جۆری حکوومەتی داهاتوی ئێران بێ؟

ئەو کەسانەی ئەم پرسەیان هێناوەتە گۆڕێ گۆیا تازە لە خەو هەستاون و باس لە "تەجروبەی ٤٧ ساڵەی ئیسلاح پەزێرنەبوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی" دێننە گۆڕێ. لەبیرمان نەچێت کە هێندێک لە واژۆکارانی ئەم بەیانییانە لە داکۆکیکارانی سەرسەختی ئیسلامێکن کە گۆیا شان و شکۆ و کەرامەرتی ئینسان دەپارێزن و کاتی خۆی هێندێکیان لە دیفاع لە شەریعەتی ئیسلامێک کە گۆیا هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ مافەکانی ژنان نەبووە، بەرۆکیان دائەدڕی

لە ڕاستیدا حیکمەتی هێنانەگۆڕێی ئەم دروشمە لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە بۆنی شۆڕیان کردووە. گرووپی واژۆکارانی ئەم بەیانییە، لە بارودۆخێکدا کە جەماوەری بەرینی برسییەکان خوازیاری نان و ئازادین، دەستبەکاربوون و خەڵک لە شۆڕش ئەترسێنن. ئەوان هەوڵ ئەدەن تا بە خەیاڵی خۆیان ڕێگایەکی کورت و ئاسان بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا پیشان بدەن، کە ئەوە لە باشترین حاڵەت دا خۆشباوەرییەکی ساویلکانەیە

ئەوان دەزانن کە نیزامی دەسەڵاتدار لە بونبەستێکی ئابووری و سیاسیدا گیری خواردووە و ئاسۆی شۆڕشی داهاتوو، دەرکەوتووە. ئەوان بە دروشمی گشتپرسی دەیانەوێ بەر بە ڕوودانی شۆڕشی داهاتوو بگرن. بە پێی ئەو خۆشباوەڕییە دەبێ خەڵک بڕوا بکەن کە گۆیا دەکرێ داوا لە سەرکوتگەرانی خەڵک بکرێت بەشێوەی ئاشتیانە دەست لە دەسەڵات بەردەن. سەرجەم باڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات لە بابەتێکدا هاوبەشن و ئەویش بریتییە لە ترساندنی خەڵک لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری خەڵک لە ئێران خوازیاری نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو پێکهاتە و دارودەستەکانیەوەن. ئەمەش تەنیا بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ، هاتنە مەیدانی بزوتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان و بە هاتنەمەیدانی خەڵکی وشیار و ڕێکخراو دەستەبەر دەبێت

****

# سوریا؛ چارەسەری ئەمنی یان سیاسی!؟



ن: موحسین کەریم

ڕووداوەکانی سوەیدا، تەنها بەرەورووبونەوەی نێوان دوو گروپی کۆمەڵایەتی- ئاینی خەڵکی سوریا نەبوو، بەڵکوو ئاکامێکی ڕ ا ستە و خۆ ی د ە سە ڵا تگر تنی تیرۆریزمی ئیسلامی سوننەیە لە سوریا، بەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد. هاوشێوەی پەلاماردانی عەلەوییەکان و ڕاگەیاندنی نەفیرعام لە مزگەوتەکانەوە بەپاساوی پاکردنەوەی پاشماوەکانی ڕژێم و کۆمەڵکوژکردنیان لەلایەن هێزە چەکدارە ئیسلامییەکانی سەر بە شەرعەوە، چەکدارەکانی شەرع بەناوی هۆزە بەدەوییەکانەوە نەفیر عامیان دژی دروزەکان ڕاگەیاند و هەمان ئەو تاوانەیان دژی هاوڵاتی مەدەنی دروز ئەنجام دا کە دژی عەلەوییەکان، بەبەرچاوی جیهانەوە بەڕێوەیان برد و بێجگە لە چەند پرتەو بۆڵەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەندێ دەوڵەتیش کە لە ڕووداوەکانی سوریادا زیان بە بەرژەوەندییەکانیان گەیشتوە، کەسێک لە گوول کاڵتری پێنەوتن ڕژێمی تازەی سوریا، حکوومەت و دەسەڵاتێک نییە کە بتوانێ وەڵام بەدۆخی سیاسی ئێستای سوریا بداتەوە. گروپێکی چەکداری تیرۆریستی ئیسلامی کە لە داوێنی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە و داعش و بەرەی نوسرەوە هاتوەتە دەرەوە، سەدان چەکداری ئیسلامی تیرۆریستی لە گۆشە و کەنارەکانی دنیاوە بۆخۆی پەلکێشکردوە و بوونەتە بەشێك لە پێکهاتە ڕێکخراوەیی و چەکدارییەکەی، لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە، بە هاوکاری چەك و لۆجستی تورکیا و پارەی قەتەر و پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، دژی ڕژێمی بەشار ئامادەکران و دەسەڵاتی سوریایان لەسەر سینی ئاڵتونی ڕادەست کراوە، تەنها دەتوانێ خزمەت بە ئەجندای سیاسی و ئەمنی ئەو دەوڵەتانە بکات کە دەستیان گرتووە بەسەر کورسی فەرمانڕەوایدا

بەڵام پێگەی جوگرافی و دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا بەوجۆرە نییە کە ئەو کارە بە ئاسانی بۆ ئەحمەد شەرع و ئاغاکانی مەیسەربێت! یاریزانەکانی دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا زۆرن و بەرژەوەندییەکانیان جیاواز و بگرە ناکۆکە. ئەگەرچی ڕۆڵی ئێران و تارڕادەیەك ڕوسیا لە سوریادا تا ڕادەیەکی زۆر لاوازبووە، بەڵام دوو هێزی ناوچەیی، تورکیا و ئیسرائیل، لەسەر لاشەی سوریای دوای ئەسەد، خەریکی تیژکردنەوەی چنگ و ددانەکانیانن. ئیسرائیل ڕێگانادات کە تورکیا بڕیاردەری سەرەکی دۆخی سیاسی- ئەمنی سوریا بێت، کە ڕژێمەکەی ئەحمەد شەرع وەکو خزمەتکاری بەوەفای دەوڵەتی تورکیا ڕەفتار دەکات. ئیسرائیل، دەیەوێ ڕژێمی سیاسی سوریا بەوجۆرە بێت کە ئەو دەیەوێ. دەیەوێ دەسکەوتەکانی دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر و ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، لە بەرژەوەندی خۆی کۆبکاتەوە. تەتانەت کردنەوەی دەرگای ڕەحمەتی ئەمریکا بەڕووی حکوومەتە ئیسلامییە- داعشیەکەی شەرع بەو ئامانجە بوو کە لەلایەکەوە سوریا بە تەواوی لە باوەشی ڕوسیا و ئێران دەربکێشن و هاوکات لە بەرژەوەندی و بە مەرجەکانی ئیسرائیل، ڕێکەوتنی ئاشتی (ڕێکەوتنامەی ئیبراهیمی) پێ ئیمزابکەن!

لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەی کۆمەڵگای سوریا بەجۆرێکە کە دەسەڵاتێکی ئیسلامی داعشی و جیهادی ناتوانێ بەڕێوەی بەرێت و وەڵام بە چاوەڕوانییەکانیان بداتەوە. کۆمەڵگای سوریا، ڕاستە کە پێکهاتەی نەتەوەیی، تائیفی و دینی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بەڵام کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کراوەیە، کە سەرباری دەیان ساڵ سەرکوت و داپلۆسێنی ڕژیمی بەعس و حافز ئەسەد و بەشاری کوڕی، بەڵام چاویان لە ژیان و ئایندەیەکی ئازاد و کراوە و یەکسان بڕیوە. چاویان لە ئایندەیەکی سیاسی بڕیوە کە هەموو هاوڵاتیانی سوریا، جیاواز لەهەر تایبەتمەندیەکی تائیفی و دینی و نەتەوەیی، وەکوو هاوڵاتی یەکسان و ئازاد مامەڵە بکرێن لەلایەن دەوڵەتەوە. دەوڵەت هیچ پێناسە و سیمایەکی دینی و تائیفی و نەتەوەیی نە بێت

ڕوداوەکانی کەنارەکانی ڕۆژئاوای سوریا و کۆمەڵکوژی عەلەوییەکان و ئێستاش پەلاماردانی سوەیدا و کوشتاری سەرجادەیی دروزەکان بەڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە کێشەی سوریا، کێشەی ئەمنی نییە، وەکوو خودی حکوومەتەکەی شەرع و ئەمریکا و ئورووپا و تورکیا و وڵاتانێکی دیکە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵکوو کێشەیەکی سیاسی قووڵ و مەترسیدارە و ئەگەر لەچوارچێوەی کێشەی ئەمنیدا قەتیس بکرێتەوە، کارەساتی مەرگبار ڕوبەڕووی کۆمەڵگای سوریا دەکاتەوە. سەرباری پرسی عەلەوییەکان و دروزەکان و جێگاوڕێگایان وەکوو هاوڵاتی یەکسان و خاوەن ماف لە دەوڵەتی سوریادا، کە پرسێکی کەمبایەخ نییە، پرسی کورد و چارەنوسی هێزەکانی هەسەدە، ئەگەر وەکوو پرسێکی ئەمنی مامەڵە بکرێ، دەتوانێ کارەسات بەدوای خۆیدا بهێنێ. ئەو حکوومەتەی ئێستا لەسەر دەسەڵاتە ئەهلی ئەوە نییە کە بەشێوەیەکی سیاسی عادیلانە ئەو پرسانە چارەسەر و یکلایی بکاتەوە. بۆیە مانەوەی تەنها دۆخی سیاسی- ئەمنی- کۆمەڵایەتی سوریا تێکدەدات و دەرگای شەڕی ناوخۆ بەڕووی خەڵکی سوریادا دەکاتەوە، کە دوای زیاتر لە پێنج دەیە لە سەرکوت و داپڵۆسین و زیندانە بەدناوەکانی ڕژیمی ئەسەد و برسیکردن و هەژاریی ...تاد. بەدوای ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئارامیدا دەگەڕێن

سوریا پێویستی بە حکوومەتی شەرع و هاوشێوەکانی نییە، بەڵکوو پێویستی بە ڕژێمێکی سیاسییە کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی پێناسەی عەرەبی دەوڵەت و وڵات، چەمکی هاووڵاتی یەکسان، بەڕەسمی ناسینی ئازادییە سیاسییەکان، ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان، ئازادی دینداری و بێدینی، خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بیمە کۆ مە ڵا یە تییە کا ن ، مافی یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆ مە ڵا یە تیدا . . . . دامەزرابێت. خەڵکی سوریا شایستەی ڕژیمێکی سیاسی و دەوڵەتێکی لەوجۆرەیە

****



# غەزە ئەو تراژیدیایەی جیهان لە تەنیشتی قاوە دەخواتەوە



ن: فوئاد سدیق

غەززە لە هەموو وڵاتانی دیکە باشتر هاواری کردو قیژاندی: هەموو پاشاکانی سەدەی بیست و یەك ڕووتن. سەدەی بیست و یەک ئەم سەکۆ گەورەیەیە کە شانۆگەریی گاڵتەجاڕی بەردەوامی تێدا پێشکەش دەکرێت، لەو شوێنەی کە مرۆڤایەتی بانگەشەی گەیشتن بە لووتکەی شارستانیەت و بەها دەکات، غەززە بووەتە ئەو شوێنەی کە ڕاستی و درۆ، ڕەسەنایەتی و ساختەیی تێدا تاقیدەکرێتەوە و لە یەک جیا دەکرێنەوە. کارەسات لێرە تەنیا لە دەنگی تەقینەوە و وێرانیی باڵەخانەکاندا نییە، بەڵکوو لەو بێدەنگییە گەورە و قووڵەدایە کە لە ناخی برسێتیدا خۆی حەشارداوە. بێدەنگیی هەزاران گەدە لەبری نان، هەوا دەخۆن و ورگێک کە منداڵان لەبری شیر، هەناسەی گریان و سووتانی ڕۆحی دایکی بێچارە هەڵدەمژن. برسێتی لە غەززە، دیاردەیەکی بایۆلۆژی و ئاماری نییە، بەڵکوو بووەتە مۆتەکەیەکی فەلسەفی، مۆتەکەیەکی زیندووی بیست و چوار کاتژمێریی کە لەگەڵ هەناسەی هەر منداڵێک و ئاخ هەڵکێشانی هەر پیرێکدا، گەورەتر دەبێت. ئەمە ئەو برسێتییەیە کە دەبێتە پرسیاری سەرەکیی بوون، دەپرسێ: مرۆڤبوون چییە کاتێک نان لە ژیان پیرۆزتر دەبێت؟ ئایا مانای ژیان چییە کاتێک مردن لە برساندا دەبێتە تاکە ڕزگاربوون؟ ئەمە ئەو مەرگەساتەیە کە تێیدا جەستەکان پێش ئەوەی بە گوللە بپرژێن، لەناوخۆوە، بەهۆی نەبوونی پاروو نانێك، دەپووکێنەوە و دەمرن. تۆ درەختێکی سەوز لە وەرزی نەورۆزدا بێنە بەرچاوت، چۆن لە گەرمای بێ ئاویی مانگی ئابدا، وردە وردە زەرد هەڵدەگەڕێت و سەری شۆڕ دەکاتەوە، تا لە ڕەگەوە وشک دەبێت. ئەگەر وشکبوونی درەختێک ئازار بە ڕۆحمان بگەیەنێت، ئەی دەبێت وشکبوونی ڕۆحی سەدان و بگرە هەزاران منداڵ و ژن و پیاوی بێدیفاع چ کارەساتێک لەناخی هەر مرۆڤێکدا دروستبکات؟ ئەمە ئەو دەفتەرە ڕەشەیە کە چرکە بە چرکە لە مێژووی ئیسرائیل و ئەو ئورووپا و ئەمەریکایەی بەناو گوایا دێموکراتن، دەستاودەست بە مرۆڤەکانی داهاتوو دەکەن و نەوە بۆ نەوەی دوای خۆی بە گریانەوە دەیلێتەوە. ئەو دروشمە درەوشاوانەی کە ڕۆژئاوا دووسەد ساڵە وەک تاج لەسەری خۆی داینـاوە، ئەمڕۆ وەک گەڵای پاییز هەمووی هەڵوەرین. مافی مرۆڤ، ئەو دەستەواژە جوانەی کە دەبوو قەڵغانی بێکەس و لێقەوماوانان بێت، کەچی بۆتە تراژیدیترین نوکتەی مێژوو. کاتێک جەستەی منداڵێک لە برسێتیدا ئێسکەکانی یەك یەك دەژمێردرێن و بە چاوێکی زەقی لە مۆلەق کەوتوو سەیری کامێراکان دەکات، مافی مرۆڤ لەکوێیە؟ کاتێک نەخۆشخانەکان دەبنە گۆڕستانی زیندووەکان، دادپەروەری مانای چییە؟ کاتێک ئیرادەی گەلێک بۆ ژیان، بە ئیرادەی هێزێک بۆ کوشتن، دەسڕدرێتەوە دێموکراسی چ بەهایەکی هەیە؟ دەرکەوت ئەم چەمکانە هیچیان ڕەگێکیان لە ڕاستیدا نییە. تەنیا دەمامکی شارستانییەتن بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی هێز. ئەمڕۆ ئەو دەمامکە لەسەر سیمای خوێناویی غەززەدا کەوت و ڕوویەکی ناشیرینی بێباک، بەرژەوەندخواز و بێویژدانی ئاشکرا کرد. ئەمە گەورەترین شکستی فەلسەفیی سەردەمی دوای پۆست مۆدێرنەیە کە مەرگی واتاکانە. وشەکان کوژران و تەرمەکانیان لەسەر شاشەکان نمایشدەکرێن، بێ ئەوەی کەس بۆیان بگری. ئەمە گەورەترین شکستی سیستەمی سەرمایەدارییە، کە یەك مانامان پێدەڵێت، ئەویش بەربەرییەتە.

بەڵام ئەم بێدەنگییە، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و ئەم دەمامکە پێشتریش لەسەر سیمای گەلی دیکە کەوتووە. کاتێک کورد ئەنفال و کیمیاباران دەکرا، هەمان ئورووپای بەناو دێموکرات و هەمان ئەمەریکای چەقی بەناو فەلسەفەی نوێ، لە بێدەنگییەکی هاوبەشانەدا لاڵ بوون، نابینا بوون و نابیست بوون، ئەمە چ تراژیدیایەکە!. ئاخر ئەنفال تەنیا تراژیدیایەکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو تاقیگەیەکی دیکەی بەربەریەت بوو کە جیهان چاوی لێی نوقاند. پێشەکییەک بوو بۆ ئەو کارەساتانەی دواتر دێن. هەروەک چۆن ئەمڕۆش برسیکردنی خەڵکی کوردستان، تەنیا کێشەیەکی ئابووریی ڕووت نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی سیستەماتیکی داماڵینی کەرامەتە لە مرۆڤ؛ هەمان ئەو لۆژیکەی کە لە غەززەدا جەستەکان دەکوژێت، لێرە ڕۆحەکان وردە وردە لە سێدارە دەدات. مرۆڤ کە کەرامەتەکەی لێکرایەوە، هیچ وجودێکی نامێنێت. ئیسرائیل لەم هاوکێشەیەدا، تەنیا تاوانبارێکی جەنگی نییە، بەڵکوو تاوانبارێکی مێژوویی و وجودییە. تاوانەکەی تەنیا کوشتنی هەزاران مرۆڤ نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ کوشتنی ئومێد لە ڕۆحی مرۆڤایەتیدا و سڕینەوەی سیمای مرۆڤە لە دوژمنەکەیدا، تاوەکو کوشتنی ببێتە کارێکی ئاسان و بێ پرسیاری ویژدانی. ئەمە لۆژیکی فاشیزمە لە پەتیترین شێوەیدا کە بریتییە لە گۆڕینی مرۆڤ بۆ ژمارە و گۆڕینی ژیان بۆ ئامار. ئەو خاڵە ڕەشەی کە ئەمڕۆ لەسەر نێوچەوانی خۆی تۆماری دەکات، بە هیچ ئاوێکی مێژوو دوای ١٠٠ هەزار ساڵی تریش پاک نابێتەوە. بێگومان لە پەراوێزی ئەم تابلۆ ڕەشەدا، وڵاتانی عەرەبی کە وەک سێبەرێکی بێ گیان وەستاون، ئەوان لە مێژە مردوون و نەنێژراون، بۆیە بۆنی گەندەڵبوون و گەنیویان هەموو جیهانی گرتۆتەوە. کاتێک قووڵتر لەم ئاوێنە شکاوەی مرۆڤایەتییە ورد دەبینەوە، سیمایەکی گاڵتەجاڕ و ترسناکمان بۆ دەردەکەوێت. لە لووتکەی ئەم شانۆگەرییە تراژیکۆمیدییەدا، پیاوێک بانگەشەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دەکات. ئەویش ترامپ ە!!، ئەمە چ گاڵتەجاڕییەکە بە مرۆڤایەتی دەکات. کاتێک ئەوەی ڕێگای بۆ دڕندەیی ئیسرائیل خۆشکرد و بڵێسەی ئاگری لە ناوچەکەدا بڵاوتر کردەوە، داوای بەخشینی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی دەکات، ئالێرەدایە، چەمکی شایستەیی دەمرێت و خەڵاتی نۆبڵیش دەبێتە پارچەیەکی دیکەی بێ نرخ لە مۆزەخانەی دروشمە مردووەکاندا. ئەمە نیشانەی قەیرانێکی کەسیی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی قووڵی سەرکردایەتی و فیکر و میتۆدە لە ئەمەریکادا. ئەو سووڕانەوە بێهوودەیەی نێوان سەرکردەکانی، وەک دوو ڕووی هەمان دراوی پووچەڵ، نیشانەی بۆشاییەکی گەورەیە. ڕاستییە تاڵ و سادەکە ئەوەیە: لەم سەردەمەدا، هیچ بەهایەک لە سەرووی بەرژەوەندیی ئابوورییەوە نییە. ئەو شوێنەی زمان تێیدا کۆتایی دێت و هاوار دەست پێدەکات. غەززە ئەو شوێنەیە کە جەستە دەبێتە بەڵگە و ڕۆح دەبێتە سکاڵا. ئێستا غەززە وەڵامێکە لە گۆشت و ئێسقان. غەززە تراژیدیای ڕووتبوونەوەی هەموو پاشاکانی ئێستاکەیە. غەززە تاقیکردنەوەی ئاسمانە لەسەر زەوی و شکستی سەرجەم مرۆڤایەتییە، ڕووتبوونەوەی ئەخلاق و مرۆڤایەتییە لە سەرتاسەری ئەم جیهانەدا. غەززە بۆتە شوێنی فەلسەفەی هەناسەدان لەنێوان دوو بۆمبدا. بەڵێ غەززە بووەتە تاقیگەیەک بۆ دەرخستنی خوداوەندە نوێیەکە، خوداوەندێکی بێبەزەیی و نابینا و نابیست کە ناوی ئابوورییە. ئەم خوداوەندە نە گوێی لە گریانی دایکانە و نە چاوی فرمێسکی منداڵان دەبینێت. لەبەردەمیدا، مرۆڤ یان کڕیارە یان کاڵا. خەڵکی غەززە، لەم هاوکێشە نوێیەدا، نە دەکڕدرێن و نە دەفرۆشرێن، بۆیە بوونیان هیچ بەهایەکی نییە

ئالێرەدایە جیهان پێویستی بە سپارتاکۆس هەیە، سەرلەنوێ، کۆیلەکان ڕزگار بکاتەوە، کە ژمارەی کۆیلەکان چەندین ملیار کەسن!. لەم چاخە بێ ڕەنگ و بۆنەدا، لەم سەردەمی مردنی خوداکان و پووکانەوەی بەهاکاندا، کاتێک مرۆڤایەتی لەناو بۆشاییەکی گەورەی واتاییدا دەژی، پێویستییەک سەرهەڵدەدات کە لە نان و ئاو پیرۆزترە، (سپارتاکۆس)ێکمان پێویستە، فەلسەفەیەکمان پێویستە بتوانێت کۆڵەکەکانی ئەم جیهانە درۆزنە بهەژێنێت. ئێمە ئەمڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، پێویستیمان بە فەیلەسووفێکی تێکۆشەرە، فەیلەسووفێک لە ڕەگەزی مارکس، کە هاواری کرد :مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە. ئەمڕۆ، ئەو هاوارە دەبێت جارێکی دیکە، بەڵام بە شێوازێکی ڕادیکاڵتر و قووڵتر، لە قوڕگی فەیلەسووفێکی نوێوە بێتە دەرەوە. چونکە ئەو برسێتییەی لە غەزەدا ڕۆح دەکێشێت و ئەو برسیبوونە ئابوورییەی کە لە کوردستاندا شکۆمەندی دەشکێنێت، دوو ڕووی یەک دراون. هەردووکیان دەرەنجامی هەمان ئەو فەلسەفەیەن کە مرۆڤی کردۆتە کەرەستەیەکی بێ نرخ لە خزمەتی هێز و سەرمایەدا. لە غەززە، مەرگێکی خێرای جەستەیی بەڕێوەدەچێت و لە کوردستان، لەسێدارەدانێکی هێواشی ڕۆحی و ئابووری. لێرەدایە کە فەلسەفەی نوێ دەبێت لەدایک بێت. فەلسەفەیەک نیچە ئاسا یەکەم ئەرکی بتشکاندن بێت. بەڵام پێویستییەکە تەنیا بۆ فەیلەسووفێکی بتشکێن نییە، بەڵکوو بۆ فەلسەفەیەکە کە خۆی لە خۆیدا شۆڕش بێت. فەلسەفەیەک بتوانێت بە نەشتەری شیکاری، جەستەی نەخۆشی ئەم شارستانییەتە هەڵدڕێت و پێوەندییە شاراوەکانی نێوان بۆرسەی وۆڵ ستریت و برسێتیی غەززە، نێوان شەڕی گرێبەستە نەوتییەکان و مووچەی براوی مامۆستایەکی کورد ئاشکرا بکات. دەبێت فەلسەفەیەکی جەستەیی بێت، فەلسەفەیەک کە لەگەڵ گەدەی برسی تێکەڵ بێت و لەگەڵ دڵی دایکێکی جەرگسووتاو لێبدات. فەلسەفەیەک کە وشەکانی ئازادی و دادپەروەری و شکۆ، لە زیندانی سیاسییەکان ڕزگار بکات و بۆ مانای ڕەسەنی خۆیان بیانگەڕێنێتەوە. ئەرکی ئەم فەلسەفەیە ئەوەیە پرسیاری نارەحەت بکات، بۆنموونە: ئاسوودەیی من چ پێوەندی بە ئازاری ئەوانەوە هەیە؟ و بێدەنگیی من چ ڕۆڵێک لە درێژەپێدانی ئەم تاوانەدا دەگێڕێت؟. ئەم فەلسەفەیە بە مەرەکەب نانووسرێتەوە، بەڵکوو بە فرمێسک و خوێن و ئارەقەی ستەملێکراوان نەقشدەکرێت. ئەرکی فەیلەسووفی نوێ تەنیا شیکردنەوەی جیهان نییە، وەک چۆن زۆربەی فەیلەسووفان کردوویانە، بەڵکوو مارکس گوتەنی گۆڕینیەتی.ئەم گۆڕینە دەبێت لەگەڵ ژیاندا بەردەوام بێت. دەبێت بوێریی ئەوەی هەبێت هاوار بکات: پادشا ڕووتە.! ئەگەر لە سەردەمی مارکسدا ئایین تلیاکی گەلان بوو، ئەوا لەمڕۆدا چەمکەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بوونەتە ئەو تلیاکە نوێیەی کە ویژدانەکان سڕ دەکات و ڕێگە بە دەسەڵاتداران دەدات بەناوی بەهای بەرزەوە، قێزەونترین تاوان ئەنجامبدەن. ئەم فەلسەفەیە لەنێو دیواری زانکۆکان و کتێبە تۆزاوییەکاندا لەدایک نابێت، بەڵکوو دەبێت لەسەر شەقامەکان، لەناو ئۆردووگاکان، لە ئازاری برسێتیی منداڵێک و لە بێهیوایی گەنجێکدا بنووسرێتەوە. فەلسەفەیەک نەك بە مەرەکەب، بەڵکوو بە فرمێسکی دایکێکی غەززەیی و ئارەقەی نێوچاوانی کرێکارێکی کوردستانی بنووسرێتەوە

ڕاستە ئەمڕۆش جیهان بێ فەیلەسووف نییە. فەیلەسووفی ڕادیکاڵی وەک سلاڤۆی ژیژەک لە مەیدانەکەیە، باسی هابرماس و فۆکۆیاما و نوح حەراری ناکەم، هەر لەناو دڵی فەڕانسەدا ڕێجیس دۆبریە زیندووە. بەڵام گرفتە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەو زەمینلەرزە مەزنەی لەم ساڵانەی دواییدا بەسەر مرۆڤایەتیدا هات، هێندە بەهێز بوو تا ئێستا هیچ دەنگێکی فەلسەفی نەیتوانیوە لە ئاستی گەورەیی ئەو هەموو کارەساتەدا بێت. هاواری فەیلەسووف، تەنانەت ئەگەر تەنیا مەعنەوی و ڕەمزیش بێت، لە قووڵایی ڕۆحی مرۆڤایەتیدا، لە هەموو بەیاننامەکانی سەرۆکە پوول پەرستەکان کاریگەرترە. فەیلەسووفان وەکچۆن نیچە دەیگوت، ئەو دینامێتانەن دەتوانن بناغەی سەدەیەك بهەژێنن، بەڵام وادیارە دینامێتەکانی ئەم سەردەمە یان تەڕ بوون، یان فتیلەکانیان لێ کراوەتەوە. کارەساتی گەورەتر، بێدەنگیی قووڵ و قێزەونی نوخبەی ڕۆشنبیرییە. فەڕانسە، ئەو وڵاتەی شانازیی بە بێشکەی مافی مرۆڤ و میراتی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و سارتەرەوە دەکرد، ئەمڕۆ لە خەوێکی قووڵی ویژدانیدایە. ئەو نوخبە ڕۆشنبیرەی کە دەبوو میراتگری سارتەر بن لە پابەندبوون و میراتگری فۆکۆ بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و زانین، کەچی ئەوەتا ئەمڕۆ بوونەتە پاسەوانی بێدەنگیی کۆشکەکان. بۆچی بێدەنگن؟!. ئەمە "خیانەتی ڕۆشنبیران"ە کە جولیان بێندا باسیکردووە، لە پەتیترین شێوەیدا ئەوەیە کە ڕۆشنبیر لەبری بەرگریکردن لە ڕاستی و دادپەروەریی ڕەها، دەبێتە پاشکۆی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی. ئەوانەی کە بۆ بچووکترین پرسی ژینگەیی یان مافی ئاژەڵان دێنە سەر شەقام، بەڵام، لەبەردەم گەورەترین تاوانی دژەمرۆیی سەدەی بیست و یەکەمدا، بێدەنگن. بێدەنگییەکەیان تابووتێکی مەخمەڵییە ڕاستییەکانی تێدا نێژراوە. ئەم بێدەنگییە، بێدەنگییەکی ئاسایی نییە. ئەمە خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی دیکەیە، کارەساتێکی فیکری و ئەخلاقییە. کاتێک ئەوانەی چەکیان وشەیە و قەڵغانیان ویژدانە، چەکەکانیان دادەنێن و قەڵغانەکانیان دەشارنەوە، ئیتر جەنگاوەری مەیدانەکە کێ دەبێت؟ بەمشێوەیە، قوربانییەکانی غەززە و خەڵکی ستەمدیدەی جیهان، دوو جار دەمرن: جارێک بە بۆمب و برسێتی، جارێکی دیکە لەناو گۆڕستانی بێدەنگیی ئەوانەی کە دەبوو هاواریان بۆ بکەن. ئەمە تراژیدیای کۆتاییە: مردنی مرۆڤ لەسەر دەستی مرۆڤ و مردنی ویژدان لەناو بێدەنگیی مرۆڤدا. غەزە بووەتە قیبلەنمایەک کە تەنیا ڕووی ڕاستەقینەی هێزەکانی ئاشکرا نەکرد، بەڵکوو ڕووی ڕاستەقینەی هەموو مرۆڤایەتیشی ئاشکرا کرد، کە لە بنچینەدا بریتییە لە ڕووی بێباکی، دووڕوویی، ترسنۆکی و لە کۆتاییدا، ڕووی شکاوی خودی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 464-August 2025

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# سزای جەستەیی و پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا

بە گوێرەی هەواڵەکان، شەوی چوارشەممە ٨ی گەلاوێژ، سزای بڕینی پەنجەی سێ بەندکراو بە ناوەکانی هادی ڕۆستەمی تەمەن ٣٩ ساڵ، مێهدی شەرەفیان تەمەن ٤١ ساڵ و مێهدی شاهیوەند تەمەن ٢٩ ساڵ، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ (زیندانی دەریا) بەکردەوە دەرهات. ئەو سێ زیندانییە، لە دۆسیەیەکی هاوبەشدا مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٦ بە تۆمەتی "دزی" دەستبەسەر کران و مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨ لە دادگایەکی نادادپەروەرانەدا بە بڕینی چوار پەنجەی دەستی ڕاستیان مەحکووم کرابوون و دادگای باڵاش مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٩٩ ئەو حوکمانەی پشتڕاستکردبۆوە. ڕاپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، بەڕێوەچوونی بڕینی پەنجەی سێ بەندکراوی زیندانی ورمێی، وەک نموونەیەکی ئاشکرای پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ناوبرد و بە توندی ئیدانەی کرد. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەم ڕووداوە یەکێکە لەو نمونە هەژێنەرانەی کە لەژێر ناوی "قەساسی ئیسلامی" بەڕێوە دەچێت. ئەم کردەوانە نەک هەر دادپەروەری ناچەسپێنن، بەڵکوو توندوتیژی لە کۆمەڵگادا زیاتر پەرە پێدەدات. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش ئەم کردەوانەی بە "هێرشێکی ترسناک بۆ سەر کەرامەتی مرۆڤ" وەسف کردووە

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی، یەکێکە لە توندوتیژترین وڵاتانی جیهان. حکوومەتێکی کە هەر لە بەیانییەوە تا شەو لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و بڵندگۆی مزگەوت و تەنانەت لە پۆلەکانی قوتابخانەشدا، قسە لە ماتەمینی و خوێن و شەهیدبوون و سەربڕین و بڕینی ئەندامەکانی جەستە وەک قەساس و سزادان دەکات، زۆر سروشتییە کە توندوتیژی بباتە ناو ماڵ و شەقام و ناوەندەکانی کار. شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر شەقامەکان بەشێکی تەواوکەری توندوتیژییەکانی حکوومەتی ئیسلامییە لە دژی ژنان، لەدژی کەمینە ئایینییەکان و کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش، کە بەردەوام لە هەموو گۆشە و کەنارێکی وڵاتدا شاهیدی دەبین. حکوومەتی ئیسلامی بە توندوتیژین شێوە شۆڕشی ئێرانی سەرکوت کرد و لە ماوەی چل و شەش ساڵی دەسەڵاتداریدا بە پشتبەستن بە توندوتیژی ڕێکخراو لەناو زیندانەکان، لەسەر شەقامەکان و لە ناوەندەکانی کار، دەسەڵاتی خۆی درێژە پێداوە. توندوتیژی و خوێن و شەهیدبوون، لە زومرەی پایە سەرەکییەکانی ئیدئۆلۆژی ئەم دەسەڵاتەن. زنجیر لێدان، لەخۆدان و زیانگەیاندن بە خۆ، شەلاق لێدان و لەسێدارەدان لە بەرچاوی خەڵک، لە زومرەی ئەو دیمەنانەن کە بەردەوام لەبەرچاوی هەمووان و لەوانە منداڵان بەڕێوە دەچێت. ئەم شێوازانە بەردەوام لە میدیاکانی حکوومەت و لە نوێژی هەینییەکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرێت. بەرزنرخاندن و پەرەپێدانی توندوتیژی، تەنانەت چووتە ناو کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکانیش

جگە لە هاندان و پەرەپێدانی توندوتیژی لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە، دیاریکردنی ئەشکەنجەگەر و پاسەوانانی زیندان لەناو توندوتیژترین کەسەکان، دامەزراندن و بەکارهێنانی توندوتیژترین لات و چەقۆکێش و لۆمپەنەکان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، بەکرێگرتنی لات و چەقۆکێشەکان بەمەبەستی هێرشکردنە سەر ژنان و ڕێپێوانی جەماوەری نارازی لە دژی ڕێژیم و تەنانەت دامەزراندنی تاقمێک چەقۆکێش و پیاوکوژ لە زیندانەکان دژبە زیندانیانی سیاسی، لە زومرەی پێکهاتەکانی دیکەی ئاساییکردنەوەی ئەم توندوتیژییە پلان بۆ داڕێژراوەن. هەناردەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی بۆ ناوچەکە و بەشداریی سپاییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری دەیان هەزار کەس لە سوریا بەر لە ڕووخانی بەشار ئەسەد، نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە سیاسەتەن. ئەم سپاییانە کە پەروەردەی مەیدانی ئاگر و خوێنن، کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ئێران، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەکاردەهێنرێن و ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا

لە ڕاستیدا ئەوەی کە بە بیانووی بێبنەمای بەڕێوەبردنی دادپەروەری لە یاسای ئیسلامیدا هاتووە، بەشێکە لەو توندوتیژییە پلان بۆ داڕێژراوانەی کە لەپێناو مانەوەی ڕێژیمدا بەکاردێت. لە کاتێکدا دزییە ملیارد دۆلارییەکانی بەرپرسانی حکوومەت ئەوەندە بەربڵاوە کە تەنانەت هەواڵەکانی دەگاتە ناو ڕۆژنامە فەرمییەکان، ڕۆژانە دەیان کەس لەسەر دزی بچووک کە سەرچاوەکەی لە هەژارییەوە دێت، دەستگیر دەکرێن و ئەندامەکانی جەستەیان دەبڕدرێت. یاسای قەساس ئەگەرچی پاساوێکی مەزهەبی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا سیاسەتێکی ئاگایانەیە کە تێیدا ترس وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت. ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە و جێبەجێکردنی یاسای قەساس بۆ کۆماری ئیسلامی، بنەمایەکی ئیدئۆلۆژی و باوەڕیی هەبوایە و ئەم یاسا قێزەونە لە دژی دزەکانی سەر بە حکوومەتیش جێبەجێ بکرایە، زۆربەی هەرەزۆری بەرپرسانی ئەم دەسەڵاتە تەنانەت پەنجەیەکیشیان نەدەما

خەڵکی ئێران شایەنی ئەوەن لە کۆمەڵگایەکدا بژین کە تێیدا مرۆڤەکان ناوەندی سەرنج و تەرکیز بن نەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم ڕەوتە وێرانکارەی توندوتیژییە تێک بشکێندرێت. بۆ کۆتایی هێنان بەم توندوتیژییە جێگیرە، بۆ پێشگرتن بەو دەمارگیری و نائارامییە دەروونییەی کە لە ناخی کۆمەڵگادا دەکوڵێت و لە پەرەسەندنی شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر شەقامەکاندا خۆی دەنوێنێت، بۆ کۆتاییهێنان بە بێ مافی، هەڵاواردن، گەندەڵی و دزی لەڕادەبەدەر، کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهامەتیی بەردەوام، هیچ ڕێگەیەکی تر بوونی نییە جگە لە ڕووخاندن و لەگۆڕنانی حکوومەتی ئیسلامی

****

دواستون

# قەتاری ئاشتی بە ڕێڕەوی ترامپدا

ن :سەلام قادری

ئەو ڕۆژانە پەردە لە سەر بەڵگەنامەیەک لادرا کە دان دەنێت بە پێکهێنانی جادەیەکەوە کە کۆریدۆرێک لە نێوان وڵاتی ئازەربایجان و نەخجەوان دا دروست دەکات. ئەم کۆریدۆرە بە ناو خاکی وڵاتی ئەرمەنستاندا تێدەپەڕێ و دەگاتە وڵاتی تورکیە و بۆ ٩٩ ساڵ بە گوێی ناسیۆنالیزمی عەزەمەت تەڵەبی ئێرانیدا دەڵێتەوە لە لایەکی ترەوە بەرپرسانی ئێرانی لە لێدوانی جۆراوجۆردا خۆیان گیف کردووەتەوە و سوێندەگەورەکەیان خواردووە کە چ بە یارمەتی ڕوسیا، چ بێ یارمەتی ئەو (کە دیارە وەکوو هەمیشە لێی دڵنیا نین) پێش بەو قەتاری ئاشتییە دەگرن، بەڵام ترامپ توانجی لەم جۆرە هەڕەشانە دا، بە ڕوانینی بۆ ئاسمان و باسکردن لەوەی ئەم جادەیە بۆمبی تەنیشت جادەیی نابینێت، چوونکا حاجی قاسم کە بە حاجی بۆمبی تەنیشت جادەیی دەناسرا لە هەموو جادە و ڕێڕەوێکی زەوینی و ئاسمانی وەدەر نرداوە

شایانی باسە کە پێشتر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەندی نێوان کۆماری ئازەربایجان و نەخجەوان لە ڕێگەی ئێرانەوە مەیسەر بووە

عەلی ئەکبەر ویلایەتی توێژەری تایبەتی ویلاتی فەقیە لە سیاسەتی دەرەوەدا لەو بەرپرسانەیە کە بە ڕوونی ئەم ڕێڕەوە بە ڕێڕەوێک دەزانێت کە ڕێکخراوی سیخوری سیا دەستی هەبووە لە دروست کردنیدا و ئەمە بە جێبەجێبوونی سنووری ئێران لەو ناوچەیە دەناسێ. لەم بابەتەوە لەم ڕۆژانەدا ئەرکی ویلایەتی بووە بەوە پیش بخواتەوە و شین و ڕۆ بکات. ئەم بارودۆخەی ویلایەتی ڕێک ڕەسمێکی باڵا نوێنە لە کۆماری ئیسلامی کە بووە بە کۆماری لاف و گەزاف و شین و ڕۆ بۆ ئەو مایەپووچییە سیاسییەی کە هەر ڕۆژە و لە سوچێکەوە دەردەکەوێت. تیزانگی ڕێڕەوی قودس بە خاکی ئێراقدا کە ڕۆژێک دروشمی بێ ئەملاو ئەولای خومەینی بوو و بە جامی زەهرە بە ناوبانگەکە زۆر زوو بەتاڵ بوویەوە، یەک لە دوای یەک دەدرێتە دەرخواردی ئەم کۆماری دۆڕانە و سیاسەتی دەرەوە بووە بە سیاسەتی «شین و ڕۆ لە دوای مەرگی سۆهراب» کە لە مێژووی ئێراندا بۆ بێ تەدبیری و نەزانکاری و ئەزموون وەرنەگرتن لە خەسارەکان ئیشارەی پێدەکرێت

ئێران گروپێکی بە ناوی حوسەینیون دروست کردبوو بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی کۆنەپەرەستانی شیعەگەری و پێشگرتن لە بوونی ئیسرائیل لە نزیکی سنوورەکانی. سیاسەتی دۆڕاوی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە لێرەشدا نەوەک هەر ئیسرائیل بەڵکوو دەوڵەتی ئامریکاشی هێنایە سنوورەکانی ئێران و دیسان کورد وتەنی

« بۆ ڕیش چوو، سمێڵیشی دانا»

ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە زۆریش تازە نییە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی نیگەرانە و بووە بە کۆماری لە هەموو شتێ نیگەران، بەڵام ئەوەی کە تازەیە ئەوەیە کە کەس نیگەرانی، نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی نییە، وادیارە ئێران وەکوو بۆمبێکی تەنیشت جادەیی بەتاڵ کرابێتنەوە

وەکوو دوا وتە، شایانی باسە کە ئیشارە بەوش بکرێ، لە حاڵێکدا ڕوسیە گیرۆدەی شەڕێکە بۆ نزیک نەبوونەوەی ناتۆ لە سنوورەکانی، شەڕی بێدەنگی دیپلۆماسی خەریکە لە سەرێکی ترەوە پێی ڕۆژئاوا لە قەفقاز دەکاتەوە. لە کۆتاییشدا قەتاری سوڵحی دوو سەرۆکی شەڕ بە ڕێڕەوی ترامپدا کە بەردەوام هەلکەسمایەتی کە ئامریکا لەهەموو دنیا پڕچەکترە و پشتگیری لە تاوانەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی سڤیلی غەززە دەکات، ناتوانێت بە شوێنێکی گاڵتەجاڕتر لە نۆبلی سوڵحی سەرمایەدارەکان بگات کە ئەم ڕۆژانە شەڕچییەکانی دنیا و لەوانەش نەتانیاهۆ و ترامپ ناوزەد دەکەن بۆ وەرگرتنی

****